خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5916) چوارشەممە 22ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەرە «500» دینار

کۆمپانیای نەوتی BPی بەریتانیی لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک کشایەوە



کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت لە کەرکووک دەکشێنەوە، لەوانە کۆمپانیای BPی بەریتانیی. بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە کەرکووک دەڵێ، بەهۆی خراپیی دۆخی ئەمنییەوە ئەو کۆمپانیایانە لەو شارە دەکشێنەوە، چونکە ئەوانە سەلامەتیی کارمەندانی خۆیان لە هەموو شتێک لا گرنگترە.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە پارێزگاری نەینەوا دەکات

مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونەوەی تیرۆر تەوەرێکی دانیشتنەکە بوو



دوێنێ سێشەممە 2020/1/21 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە نەجم ئەلجبووری پارێزگاری نەینەوا کرد.
لە دیدارەکەدا بارودۆخی شاری مووسڵ و ناوچەکانی تری پارێزگای نەینەوا و ڕەوشی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان و بار و گوزەرانی ئاوارەکان و هەروەها کۆسپەکانی بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانیان تاوتوێ کرا.
مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونەوەی تیرۆر و پێویستیی هەماهەنگیی لایەنەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر تەوەرێکی تری ئەو دانیشتنە بوو.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەرمەنستان کۆبوونەوە



نێچیرڤان بارزانی و چاوشئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبوونەوە

دیدارەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەداڤۆس

دوو خاڵی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یاسایان بۆ دەرکرا



پێشمەرگەیەکی بارەگای لقی 22 ی گەرمیان لەبەردەم ماڵەکەیدا شەهیدکرا

زیاتر لەلاپەرە پێنج بخوێنەوە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پڕۆژەیاساوە، بە کردەیی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی دوو خاڵی هێڵە گشتییەکانی کارنامەکەی دەستپێکرد. بەپێی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چاکسازی لە سێکتەرە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا دەکرێت، هەروەها پڕۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانیش کاراتر دەکرێت. لەم چوارچێوەیەشدا حکوومەت دوو پڕۆژەیاسای ئاراستەی پەرلەمان کردبوو.
لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند کە پڕۆژەیاسای چاکسازی لە دەرمالّە و مووچە و خانەنشینی ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کراوە. لەلایەن خۆشیەوە جەلال محەمەد ئەمین، بڕیاردەری لیژنەی یاسایی پەرلەمان بە خەباتی ڕاگەیاند، دەبێت لە ماوەی 15 ڕۆژدا لە لایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە یاساکە پەسەند بکات و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیش هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی دەست پێ بکات. ئەوەشی ڕوون کردەوە کە یاسای ماددە هۆشبەرەکان بە مەبەستی پەسەندکردنی، ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کراوە.



بەپێی پلانی دەستەی گەشتوگوزار 4 ملیۆن گەشتیار بۆ ساڵی 2020 دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان



دەستبەسەر 130 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەری جۆری هێرۆین گیرا

نووسینگەی عەللاوی: هەواڵگریی وڵاتێکی دراوسێ لە پشت بڵاوکردنەوەی هەواڵی مردنەکەیەتی



پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک هەوڵی ڕووخاندنی دەیان دووکانی کاسبکاران دەدات

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە

نووسینگەی سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانیی عێراقی بەیاننامەیەک لەبارەی هەواڵی کۆچی دوایی عەللاوی، بڵاو دەکاتەوە. دوێنێ سێشەممە 2020/1/21 ژمارەیەک میدیای عێراقی بڵاویان کردەوە، کە ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانی لە نەخۆشخانەیەکی بەغدا کۆچی دوایی کردووە. دوای نیوەڕۆش نووسینگەی ئەیاد عەللاوی بەیاننامەیەکی دەرکردووە و تێیدا ڕەتی کردووەتەوە عەللاوی کۆچی دوایی کردبێ.
نووسینگەی ئەیاد عەللاوی پێیوایە دەزگای هەواڵگریی وڵاتێکی دراوسێ لە پشت بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەیە، چونکە پێشتریش سەرکردەیەکی ئەو وڵاتە بە ئاشکرا و لەبەردەم چەندین کەس، پێی گوتووە "من لە دژی تۆ کارم کردووە "و عەللاویش ڕاستەوخۆ پێی گوتووەتەوە، کە "منیش دژی ئێوە کار دەکەم."
هەروەک نووسینگەکەی ئاماژەی پێکردووە، بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە ڕێگە خۆشکەرە بۆ تیرۆرکردنی عەللاوی، چونکە پێشتریش ڕژێمی بەعس هەواڵی کوژرانی عەللاوی بڵاو کردووەتەوە و دوای دوو مانگ، لە لەندەن هەوڵی تیرۆرکردنی درا.

دیدارەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەداڤۆس



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەرمەنستان کۆبوونەوە

دواین پێشهات و ئاڵۆزییەکان و هەوڵدان بۆ ئارامکردنەوەی دۆخی ناوچەکە ئاڵوگۆڕ کرا

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرۆک ئارمێن سەرکیسیان، سەرۆکی ئەرمەنستان پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ ئەرمەنستان و زەمینەی لەباری هەرێمی بۆ سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی ئەرمەنی تاوتوێ کرد.

لە بەردەوامیی دیدار و کۆبوونەوەکانی لە داڤۆس، ئێوارەی دوێنێ سێشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێز ئارمێن سەرکیسیان، سەرۆکی ئەرمەنستان کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەری کێشەکانی نێوانیان، دواین پێشهاتەکانی ناوچەکە و پەرەسەندنی ئاڵۆزییەکان و گرنگیی هەوڵدان بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە، دەرفەتی پەرەپێدانی پەیوەندی دووڵایەنە و چەند بابەتێکی دیکە خرانە بەر باس و بیروڕایان لەبارەیەوە ئاڵوگۆڕ کرا.

نێچیرڤان بارزانی و چاوشۆغلو کۆبوونەوە



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و وەزیری دەرەوەی تورکیا بەڕێز مەولوود چاوشۆغلو جەختیان لە پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا و گرنگیی پێکەوە کارکردن بۆ هێورکردنەوەی دۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە و گێرانەوەی ئارامی و سەقامگیری کردەوە.

پاشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2020/1/21 لە پەراوێزی بەشداریکردنیدا لە دیدار و کۆبوونەوەکانی پەنجاهەمین خولی کۆڕەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز مەولوود چاوشۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا، دواین پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و ناوچەکە بەگشتی، مەترسییەکانی تیرۆر و ئەگەری بەهێزبوونەوەی لە ناوچەکە، چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی و ڕۆڵی هێزی هاوپەیمانان لەمبارەیەوە، هەروەها چەند پرسێکی دیکەی مایەی بایەخی هەردوولا، تاوتوێ کران و بیروڕایان وتارەکەیدا باسی لەوەکرد کە پێش ئەوەی ببێتە سەرۆک "ڕەشبینی" ڕەگی داکوتیبوو لەمێشکی بازرگانان و سیاسەتمەدارانداا، بەڵام بەهۆی ئەوەوە ئابووری ئەمەریکا گەشتە تڕۆپک و هەموو پێشبینییەکانی پێچەوانە کردەوە. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تڕەمپ تیشکیشی خستەسەر ئەوەی کە بەشداریی دەکەن لە چاندنی یەک ملیار درەخت لەسەرانسەری جیهاندا کە دەستپێشخەرییەکە لەلایەن کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس.

چاوەڕوان دەکرێت لەدوای گوتارەکەی لە داڤۆس، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز مەولوود چاوشۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا، دواین پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە بەگشتی، هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز مەولوود چاوشۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبووەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوێد کۆبوونەوە



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، سوپاسی پشتگیریی سویدی بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و هاوکارییە مرۆییەکانی بۆ ئاوارە و پەنابەران لە هەرێم کرد و خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوید دووپات کردەوە.

هەر لە پەراوێزی بەشداریکردنیدا لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس، ئێوارەی دوێنێ سێشەممە 21/1/2020بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خاتوو ئان لیند وەزیری دەرەوەی سوێد کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و سوید، دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی هاوکاریکردنیان، خۆپێشاندانەکان و دواین پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە بەگشتی، گرنگیی هەوڵی هەمەلایەنە بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکان، مەترسییەکانی تیرۆر و پێویستیی بەردەوامیی ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر، تاوتوێ کران.

لای خۆیەوە خاتوو لیند سوپاس و پیرۆزبایی لەباتەکەی بۆ ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تێکشکاندنی داعش و لە پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و دانیدان و هاوکاریکردنی ئاوارە و پەنابەران دەربڕی.

دۆنالد تڕەمپ: لەوەتەی سەرۆکایەتیم گرتووەتەدەست ئابووری ئەمەریکا گەشە دەکات

هەستانەوەی ئابووریی ئەمەریکا لە ئاستێکی نایاب دایە

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تڕەمپ ڕایگەیاند کە هەستانەوەی ئابووریی لە وڵاتەکەی نایابە. دوێنێ سێشەممە دۆنالد تڕەمپ لەمیانی گوتارێکدا کە لە پەنجاهەمین کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە شارۆچکەی داڤۆسی سویسرا پێشکەشیکرد، ئاماژەی بەوەکرد کە دوو ساڵ لەمەوبەر هەر لە داڤۆس "گەرانەوەی ئەمەریکای مەزن"یان دەستپێکردووە. سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند: شانازیی دەکەم بەوەی کە ڕایگەیەنم ئەمڕۆ ئەمەریکا بازدانێکی ئابووریی کە جیهان بەخۆیەوە نەبینیوە، بەخۆوە دەبینێت.

دۆنالد تڕەمپ لە گوتارەکەیدا باسی لە ژمارەی پێوانەیی بێکاریی، دەستکەوتەکانی بۆرسا، قۆناغی یەکەمی ڕێککەوتننامەی بازرگانیی لەگەڵ چین، ڕێککەوتننامەی "USMCA" ئەمەریکا، مەکسیک و کەنەدا کە لەلایەن ئەنجوومەنی پیرانەوە پەسەندکراوە کرد و جەختی لەوەکردەوە کە هەستانەوەی ئابووریی لە وڵاتەکەی لە ئاستێکی نایابدایە و گوتی: ئەمەریکا گەورە دەبێت، ئەمەریکا دەوڵەمەند دەبێت، ئەمەریکا دیسان هێندەی کە پێشوو تر بەدەستینەهێناوە، بەدەست دەهێنێت. دۆنالد تڕەمپ ستایشی ڕۆڵی خۆشی کرد لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا لە گەشەپێدانی ئابووری ئەمەریکا و گوتی: 10 ملیۆن کەس ناوونوس کران بۆ وەرگرتنی کۆبۆنی خۆڕاک، حەوت ملیۆن هەلی کارمان دەستەبەرکرد، ڕێژەی بێکاریان کەمکردەوە بۆ لەسەدا 3، بەڵام لەڕێز سەرپەرشتی ئیدارەکانی پێشوودا نزیکەی 200 هەزار هەلی کار نەمان، مووچە کەمبوویەوە و دابەزی، نزیکەی پێنج ملیۆن ئەمەریکیش هێزی کاریان بەجێهێشت. سەرۆکی ئەمەریکا لە دڕێژەی سەرۆکایەتییەکانی تیرۆر و ئەگەری بەهێزبوونەوەی لە ناوچەکە، چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی و ڕۆڵی هێزی هاوپەیمانان لەمبارەیەوە، هەروەها چەند پرسێکی دیکەی مایەی بایەخی هەردوولا، تاوتوێ کران و بیروڕایان



گفتوگۆکانی دیاریکردنی جێگرەوەیەک بۆ عادل عەبدولمەهدی، دواخرا



بەهۆی گەشتێکی سەرکۆماری عێراقەوە بۆ دەرەوەی وڵات، گفتوگۆکانی دیاریکردنی جێگرەوەیەک بۆ عادل عەبدولمەهدی، دواخران. بەرهەم سالح، سەرکۆماری عێراق بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس، بە سەرۆکایەتیی شاندێکی وڵاتەکەی، سەردانی سویسرا دەکات.

محەمەد ئەمین فارس، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر ناوی کاندیدەکان و گەشتەکەی بەرهەم سالح، وادەی دیاریکردنی کاندیدێک بۆ سەرۆکایەتی حکوومەتی عێراق، دوا دەخرێت. دوێنێ سێشەممە 2020/1/21 بۆ ماوەی چوار ڕۆژ، کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس لە سویسرا بە بەشداریی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سێ هەزار سەرکردە و کەسایەتیی بالای جیهان، دەستی بەکارەکانی کرد. ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە 2020/1/20 بەرهەم سالح و سەرکردە شیعەکان گفتوگۆیان لەبارەی دیاریکردنی کەسێک بۆ پەرلەمانی وڵاتەکەی دەست لەکار کێشانەوەکەی قبوڵ کرد.

دەست لەکار کێشانەوەی عەبدولمەهدی لەسەر داوای مەرجەعی بالای شیعەکانی عێراق و دوای پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکانی وڵاتەکەی، هات. خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی 2019/10/1ەوە لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی عێراق دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری، دەستیان پێکرد. سەرۆکایەتیی حکوومەتی عێراق کرد، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام.

گفتوگۆکانی دیاریکردنی کەسێک بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەتی عێراق تا کاتی گەڕانەوەی سەرکۆمار، دواخراون. عادل عەبدولمەهدی لە مانگی 10ی 2018 وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق دەست بەکار بوو و لە ڕۆژی 2019/11/30 دەستی لەکار کێشایەوە و ڕۆژی دواتر

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/1/22 ژمارە (5916)

کۆمپانیای نەوتی BPی بەریتانیی لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک کشایەوە



کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت لە کەرکووک دەکشێنەوە، لەوانە کۆمپانیای BPی بەریتانیی. بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە کەرکووک دەڵێ، بەهۆی خراپیی دۆخی ئەمنییەوە ئەو کۆمپانیایانە لەو شارە دەکشێنەوە، چونکە ئەوانە سەلامەتیی کارمەندانی خۆیان لە هەموو شتێک لا گرنگترە. عەدنان کەرکووکی، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاندووە: کشانەوەی کۆمپانیا بیانییەکان، کە لە بواری نەوت لە کەرکووک کار دەکەن، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دۆخی ئەمنیی ئەو شارە خراپە و تێکچووە و ئەوانیش نایانەوێت مەترسی لەسەر ژیانی کارمەندانیان هەبێت و سەلامەتیی خۆیان پێ لە هەموو شتێک گرنگترە. عەدنان کەرکووکی ئەوەشی گوتووە: دۆخی ئەمنیی کەرکووک زۆر خراپە و بەردەوام کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدرێت، بۆیە ژیانی هیچ کەسێک لەو دۆخە خراپەدا سەلامەت نابێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئەوان لەو شارە دەکشێنەوە و نایانەوێت لە بواری نەوت لە شاری کەرکووک کار بکەن. هاوکات بە پێی رووداو، کۆمپانیای BPی بەریتانیی رایگەیاندووە "توێژینەوە جیۆلۆجییەکانی کێڵگەکانی کەرکووک هاندەرنەبوون بۆ مانەوەمان. پێشتریش کۆمپانیا بەریتانییەکە دەسەلاتدارانی عێراقی ئاگادارکردبۆوە لە کشانەوەی لە کێڵگە نەوتییەکە کە لە ساڵی 2013دا گرێبەستیان واژۆکردووە و ئێستا گرێبەستەکە کۆتایی هاتووە. ئەم کشانەوەیە لەکاتێکدایە کە کۆمپانیا رۆژئاواییەکانی وزە لە عێراقدا بەهۆی ئەو خۆپێشاندان و ئاڵۆزییانەی چەند مانگی رابردوو و زیادبوونی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێرانەوە پێداچوونەوە بە چالاکییەکانیاندا دەکەن. سەرچاوەیەکی باڵا لە کۆمپانیای نەوتی باکووردە کشانەوەکەی کۆمپانیای BPی بەریتانیی پشتڕاستکردووەتەوە.

ڕێکخراوی سوێدۆی سویدی لە هاوکاریی مرۆیی و گەشەپێدان بۆ کوردستان بەردەوام دەبێت



بەرپرسی ڕێکخراوی ناحکوومی سوێدۆی سویدی بۆ پرسەکانی هاوکاریی مرۆیی و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و سووریا سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەب و ژمارەیەک لە ستافی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی پێشوازی کران. هوشیار سیوەیلی لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ حوسێن بۆتانی، بەرپرسی ڕێکخراوی ناحکوومی سوێدۆی سویدی، وێڕای ئاراستەکردنی سوپاس و ستایشی پارتی دیموکراتی کوردستان و خەڵکی هەرێمی کوردستان لە بەردەوامبوونی چالاکییەکانی ڕێکخراوی سوێدۆی سویدی لە سەردەمە هەستیارەکان دا بە گەیاندنی هاوکارییەکانی مرۆیی ڕێکخراوەکەیان و ئەنجامدانی پڕۆژەکانیان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە جیاجیاکانی عێراق و سووریا لە سەردەمی جیاواز و بە تایبەتی لە دەستپێکی هێرش و پەلامارەکانی تیرۆریستی ڕێکخراوی داعش بۆ سەر خەڵکی سڤیلی کوردستان و ناوچەکە توانیویانە بە شێوەیەکی چالاک شانبەشانی ڕێکخراوەکانی هاوشێوەی خێرخوازی و مرۆیی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی مرۆیی و خێرخوازیی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی تری نێودەوڵەتی خزمەتگوزاری سەرەتایی بگەیەنە هەزاران کەس کە بەهۆی مەترسییەکانی تیرۆریستی و توندوتیژی لە بەشە جیاجیاکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و عێراق و سووریاوە وەک پەناگەیەکی ئارام ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو.

بەرپرسی ڕێکخراوی ناحکوومی سوێدۆی سویدی بۆ پرسەکانی هاوکاریی مرۆیی و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و سووریا، ڕایگەیاند: هەروەک لە ڕابردوودا بۆ ماوەی چەندین ساڵ و لە ساتەوەختە هەستیار و جیاوازەکاندا و لەژێر ناوی ڕێکخراوی قەندیلی سویدی خزمەتگوزاری مرۆیی و پڕۆژەی ئاوەدانی و گەشەپێدانیان بێ جیاوازی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە و لە سەردەمی شەڕ و ئاشتیدا هاوکارییەکانی ولاتی شاهانەی سوێد بەردەوام بووە، بە تایبەتیش لە سەردەمی هێرش و پەلامارەدانی نامرۆڤانەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و پێکهاتەکانی ئیتنی و ئایینی و لەسەر ئاستی عێراق و لە ڕۆژئاوای کوردستان. هەروەها جەختی لە بەردەوامی هەماهەنگی و هاوکارییەکانیان کردەوە.

پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک هەوڵی ڕووخاندنی دەیان دووکانی کاسبکاران دەدات



ڕاکان جبووری، پارێزگای سەپێندرای کەرکووک هەوڵی ڕووخاندنی دەیان دووکانی کاسبکارانی بازاڕێکی شاری کەرکووک دەدات. ژمارەیەک لە دووکاندارانی بازاڕی لەیلان بەخەباتیان ڕاگەیاند: دوێنێ سێشەممە 2020/1/21 وەکوو دووکاندارەکانی بازاڕی لەیلان لە شاری کەرکووک گردبوونەوەیەکی نارەزاییمان لەدژی هەوڵی ڕووخاندنی دووکانەکانمان لەلایەن ئیدارەی کەرکووکەوە ڕێکخست. گوتیشیان : بازاڕەکە زیاترە لە 150 دووکان و بڕێوی ژیانی دەیان خێزانی لەسەرە، سااڵنێکی زۆرە لێرە کار دەکرێت و ئێستاش بەمەبەست هەوڵی ڕووخاندنی ئەو دووکانانە دەدەن بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بێکار بکەن.

خاوەنی دووکانەکان لە کورد و عەرەب و تورکمان پێکدێن، لەدژی هەوڵی ڕووخاندنی دووکانەکانیان دەڵێن ئەوان بەردەوام دەبن لە هەوڵەکانیان تاوەکوو دووکانەکانیان نەڕووخێندرێت.

عێراق.. بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان

لەمیانی دوو ڕۆژی رابردوودا شەش خۆپیشاندەر کوژراون



لە ئاکامی دەستوەردانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوو ڕۆژەی دواییدا، شەش خۆپیشاندەر کوژراون. دوێنێ سێشەممە ئەندامی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ سەربە ئەنجوومەنی نوێنەران، عەلی بەیاتی ڕایگەیاندوو: لە ئاکامی دەستوەردانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە خۆپیشاندانەکانی48 کاتژمێری ڕابردوودا، شەش خوپیشاندەر کوژراون. عەلی بەیاتی تیشکیشی خستە سەر ئەوەی کە چوار لە خۆپیشاندەرەکان لە بەغدا، یەکێکیان لە کەربەلا و یەکێکی دیکەیشیان لە بەسرە کوژراون، هەروەها چەندین کەسی دیکەیش بریندارببوون کە ژمارەیەک کارمەندی هێزە ئەمنییەکانیشیان لەنێودان.

خۆپیشاندەرانی عێراق وەک فشارێک بۆسەر پارتە دەسەلاتدارەکان تا پەلە بکەن لە کاندیدکردنی کەسێکی سەربەخۆ بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتوو لە ڕۆژی دووشەممەوە ڕێگا، شەقام و پردەکانیان لە نۆ شاری باشوور و ناوەڕاستی ئەو وڵاتە، داخستووە کە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش دریژەی هەیە. ڕۆژی دووشەممە ئەو مۆڵەتەی کە خۆپیشاندەران بەئامانجی دەستنیشانکردنی کەسێکی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت وسزادانی بکوژانی چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان پێشکەش بە حکوومەتی کاربەڕێکەر و پارتە دەسەلاتدارەکانیان کردبوو، کۆتایی هات. بۆیە خۆپیشاندەران بەهۆی جێبەجێ نەکردنی داواکارییەکانیان لە ڕۆژی دووشەممەوە دەستیانکردووە بە داخستنی ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان پارێزگا و شارو شارۆچکەکان کە بەهێزەوە ڕێگای هاتوچۆ لە ناوەڕاست و باشووری عێراق پەکخراوە.

لەوبارەوە چالاکوانێکی خۆپیشاندانەکانی کەربەلا ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەران دەڕاوزە و شەقامەکانی ناوەڕاستی کەربەلایان داخستووە. لە لایەکی دیکەوە پەیامنێری ئانادۆلو ڕایگەیاندووە کە خۆپیشاندەران ڕێگای سەرەکییەکانیان لە بەسرە بە تایبەتیش ئەو ڕێگایانەی کە دەچن بۆ بەندەرەکانی ئوم قەسر و خور زوبێر داخستووە. ئاماژەی بەوەشکردووە کە لە ناوەڕاستی بەسرە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا ڕوویداوە. هاوکات لەگەڵ ئەو پێشهاتانە، هێزێکی زۆری بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی، پۆلیس و سوپا لە شار شارۆچکەکانی ناوەڕاست و باشوور بلاوکرانەوە.

پارێزگای زیقاری باشووری عێراق بۆری نەوتیان تەقاندەوە و تیمەکانی بەرگری شارستانیش هەوڵ دەدەن خۆیان بگەیەننە شوێنەکە و ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن. وەک ڕاشگەیەندراوە، خۆپیشاندەران ڕێگا سەرەکییەکانی ئەو پارێزگایە بەرەو بەغدا داخستووە و ڕێگە بە چوونی هیچ بارهەڵگرێکیش نادەن. لە لایەکی دیکەوە لە شاری کەربەلاش خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە ناوەڕاستی شەقامی سەناتر ڕووبەڕووی یەک بوونەوە، بەڵام هیچ زانیارییەک لەبارەی زیانە گیانییەکان بڵاونەکرایەوە.

هەروەک لە ڕووبەڕووبونەوەکانی بەغداش دەیان حاڵەتی هەناسەتەنگی بەهۆی بۆمبی فرمێسکڕێژەوە لە گۆڕەپانی کیلانیی نزیک شەقامی سەرەکی محەمەد قاسم لە ناوەڕاستی ئەو شارە تۆمارکران.

ئێران لەبارەی خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکرانییەکە ڕاپۆرتی دووەمی بڵاوکردەوە

ئۆکرانیا داوای لە ئێران کرد دوو سندووقە ڕەشەکەی فڕۆکە ئۆکرانییەکەی ڕادەست بکات کە سوپای پاسدارانی ئێران بە هەڵە فڕۆکەکەی خستە خوارەوە و بووە هۆی کوژرانی سەرجەم سەرنشینەکانی کە ژمارەیان 176 کەس بوو.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا وەزیری دەرەوەی ئۆکرانیا ڤادیم بریستایکۆ ڕایگەیاندووە ڕادەستکردنی دوو سندووقە ڕەشەکە پابەندبوونی ئێران دەسەلێنێتە بە لێکۆڵینەوەیەکی بێتلایەن لەو ڕووداوەی لە هەشتی مانگی یەکدا ڕوویدا. بریستایکۆ لەمیانەی سەردانی شاندێکی ئێرانیدا بە ڕابەرایەتی وەزیری ڕێگا و گەشەپێدانی شارستانی ئێران محەمەد ئیسلامی ئەم لێدوانەیدا و سەردانەکە سەنگ دەخاتە سەر ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە ئۆکرانییەکە. بریستایکۆ بۆ ڕۆژنامەنووسان گوتیش: ئەرکی سەرەکی ئێران داوای لێبوردن کردن و دانپێدانانە بەوەی کە ڕوویدا. هیوادارم بگەین بە زیاتر لە گفتوگۆی سیاسی و تاوتوێی کێشەکانی پڕۆسەکە بکەین، بە تایبەتی گەڕاندنەوەی دوو سندووقە ڕەشەکە.

ڕۆژی یەکشەممە ئێران ڕایگەیاند: هەوڵدەدەن خۆی شیکاری بۆ زانیارییەکانی ناو دوو سندووقە ڕەشەکەی فڕۆکەکە بکات و ئەو هەواڵانەشی ڕەتکردەوە گوایە ڕادەستی ئۆکرانیای دەکاتەوە. بریستایکۆ گوتیشی: سەرەتا ڕایانگەیاند ڕادەستی دەکەنەوە، دواتر هەمان کەس ڕایگەیاند ڕادەستی ناکەنەوە، ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی هەڵە تێگەیشتنێک.

لەلایەکی دیکەوە ناوەندی ڕووداوی فەرمانگەی فڕۆکەوانی مەدەنی ئێران لەبارەی ئەو فڕۆکە ئۆکرایناییەی کە ڕۆژی هەشتی ئەم مانگە لە تاران خرایەخوارەوە، ڕاپۆرتی دووەمی بڵاوکردەوە، لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە پشتڕاستکراوەتەوە کە فڕۆکەکە لە ڕێی دوو مووشەکی کورتمەودای سیستمی بەرگریی ئاسمانیTOR-M1 وە خراوەتە خوار. هەروەها ئاماژە بەوەیشدراوە کە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوە فڕۆکەوانییەکانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی فڕۆکەوانی مەدەنی و پسپۆڕە ئۆکراینییەکان بەردەوامن لە لێکۆڵینەوەکانیان.

کۆشکی سپی: دۆنالد ترەمپ لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کۆدەبێتەوە

بەپێی هەواڵێکی تۆڕی میدیایی رووداو، کۆشکی سپی بەرنامەی کۆبوونەوەکانی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لە داڤۆس بڵاوکردەوە و بەپێی بەرنامەکە لەگەڵ کۆمەڵێک سەرۆک کۆدەبێتەوە لەوانە: سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆککۆماری عێراق. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی رۆیتەرز، کۆشکی سپی بەرنامەی سەردانەکەی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای بڵاوکردووەتەوە کە بەجیا لەگەڵ بەرهەم سالح، سەرۆککۆماری عێراق، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سیمۆنێتا سۆماروگا، سەرۆکی سویسرا و عیمران خان، سەرۆکوەزیرانی پاکستان کۆدەبێتەوە. پێشتریش سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاندبوو، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بانگهێشتێکی فەرمی بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی داڤۆس دەکات و لەگەڵ دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا و ئەنتۆنیۆ گۆتێرێز، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆدەبێتەوە.



فەلاح مستەفا:
نێچیرڤان بارزانی لە داڤۆس لەگەڵ ژمارەیەک سەرۆک و وەزیری وڵاتان کۆبوونەوەی دەبێت

ستراتیجیی هەیە، هەرسێ دەوڵەتیش دراوسێی هەرێمی کوردستانن، هەرێمی کوردستانیش پێگەیەکی ستراتیجیی بەهێزی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرسێ دەوڵەتدا، کەواتە ئەمەریکا بۆ ئەوەی لە سووریا مامەڵە بکات و لە بەغدا ئەجێندا‌کانی بەرەوپێشەوە بچێت و لەگەڵ ئێران سیاسەتەکانی ڕەسم بکات، پێویستی بەوە دەبێت کە بزانێت ئایا هەرێمی کوردستان لەو چوارچێوەیە چۆن ببینێت؟ ئەمە چ جای تورکیاش".

بە بڕوای دلاوەر عەلائەدین، لە دیوی هەرێمیشەوە، وەکو کیانێک و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش وەکو نوێنەری ئەو کیانە لە بەرژەوەندیی کورددایە ئەو دەرفەتانە بقۆزینەوە بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان تێیدا بچێتە پێشەوە. گوتیشی: ئەوە دەرفەتێکیشە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە پەیامی هەرێم بگەیێنێت لەوەی لە ئاستی عێراقدا چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و لەگەڵ عێراقدا بە یەک چاو سەیرنەکرێت، چونکە عێراق بڕیارێکی هەڵەی دا کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بوو، سزایەکان کوردستان نەگرێتەوە. دووەم پەیوەندیی هاوبەشی ئابووری لە بواری وزە و ئەمنی دەبێت حیسابێکی زۆر تایبەتی بۆ بکرێت، بۆ ئەو هاوبەشییەی کە ڕێی گرتووە لەوەی داعش هەڵسێتەوە و بەرژەوەندیی هەردوولایەن بەرەو پێشەوە بچێت.

هەروەها زەردەشت تۆفیق بەگ، ڕاوێژکاری حزبی کۆماریيەکانی ئەمەریکا، لەبارەی بەشداریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی داڤۆس، فەلاح مستەفا گوتی، کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ترەمپ گرنگی و بایەخی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان، عێراق و ناوچەکە دەردەخات.

فەلاح مستەفا ئەوەشی خستۆتەڕوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشتێکیان هەیە بۆ واشنتن و کار لەسەر ئەوە دەکرێت لە کاتێکی گونجاودا بچێتە کۆشکی سپی؛ لەبارەی بانگهێشتەکەی تاران بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش گوتی، ئەو بانگهێشتەش ماوە، بەڵام هێشتا کاتەکەی دیارینەکراوە. هەروەها باسی لەوەش کرد، ئەگەر داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی نێوەندگیری نێوان لایەنە ناکۆکەکانی ناوچەکە بکات، بەتایبەتی ئەمەریکا و ئێران، بەدڵنیاییەوە ئامادەیە. فەلاح مستەفا گوتی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا و سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان، عێراق و ناوچەکە گرنگە.



لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی داڤۆس و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای وڵاتانی جیهان و بە تایبەتیش لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، بە مالپەڕی فەرمی پارتی ڕاگەیاندووە: کۆبوونەوەی سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، سەرۆک ترەمپ و سەرۆک نێچیرڤان بارزانی باس لە دۆخی سیاسی و ئابووریی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دەکەن، سەرۆکی کۆماریيەکانی ئەمەریکا ئاماژە بەوەش دەکات: بەشێکی تایبەتی کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆک جگە لە پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماسی، باسی ئابووری دەبێت و ئەم کۆبوونەوەیە فرسەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی پێوەندیی ئابووریی کوردستان و ئەمەریکا پەرە پێ بدەن.




راشیگەیاندووە: کۆبوونەوەی سەرۆکی ئەمەریکا و کوردستان پێگەیەکی بەهێز لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بە هەرێمی کوردستان دەدات و، پێوەندییەکانی کوردستان لە قۆناخێکەوە دەباتە قۆناخێکی ترەوە.

فەلاح مستەفا، ڕاوێژکاری باڵای سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، جگە لە سەرۆکی ئەمەریکا، ژمارەیەک لە وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ناوچەکە و ئەورووپا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە، لەنێویاندا وەزیری دەرەوەی تورکیا و نەرویج و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی سعودییە؛ ئاماژەی بەوەش کرد، پێدەچێت لەگەڵ ژمارەیەک سەرۆکی وڵاتانیش کۆبوونەوەی هەبێت.

لەبارەی کۆڕبەندی داڤۆس فەلاح مستەفا ڕایگەیاند، دەرفەتێکی گرنگە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان تاوەکو لەگەڵ سەرکردە وڵاتان و سەرکردە ئابووریيەکان کۆببێتەوە بۆ خستنەڕووی پەیام و سیاسەتی هەرێمی کوردستان.

هەروەها فەلاح مستەفا ڕاوێژکاری باڵای سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، جگە لە سەرۆکی ئەمەریکا، ژمارەیەک لە وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ناوچەکە و ئەورووپا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە، لەنێویاندا وەزیری دەرەوەی تورکیا و نەرویج و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی سعودییە؛ ئاماژەی بەوەش کرد، پێدەچێت لەگەڵ ژمارەیەک سەرۆکی وڵاتانیش کۆبوونەوەی هەبێت.



زەردەشت تۆفیق:
کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی و ترەمپ پێوەندیی ئەمەریکا و کوردستان دەباتە قۆناغێکی نوێ

ڕووداوی ڕاگەیاندووە: تەوەرەکان بریتین لە پرسە پەیوەندیدارەکانی نێوان هەرێم و ئەمەریکا، شەڕی دژی تیرۆر، مەشق و ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگە و عێراق، پەیوەندیی نێوان ئەمەریکا و عێراق و تێڕوانینمان بۆ ئایندەی ئەو پەیوەندییانە، چونکە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا نوێ نین. هەر سەبارەت بە گرنگیی بەشداریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی داڤۆس، فەلاح مستەفا ئاماژەی بەوەش کردووە، هەرێمی کوردستان نایەوێت ببێتە بەشێک لە ململانێکان؛ لەبارەی بڕیاری پەرلەمان بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان گوتی، لەو بڕیارەدا پەلە کراوە.

شایانی گوتنە بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە 2020/1/22 لە پەراوێزی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی داڤۆس، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی و دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا کۆ ببنەوە.

عەبدولسەلام بەروواری: هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمە بە فەرمیی داوەتی داڤۆس کراوە

مامۆستایەکی زانکۆ بە فەرمی داوەتکردنی سەرۆکی هەرێم بۆ کۆنگرەی داڤۆس، بە گرینگ دەزانێت، هاوکات بۆ لێهاتوویی سەرۆکی هەرێمیشی دەگێڕێتەوە، کە وایکردووە دەرگای نێودەوڵەتی بە ڕووی کوردستاندا بکاتەوە، تا خوێندنەوە و تێگەیشتنیان بۆ واقیعی نوێی هەرێمی کوردستان هەبێت. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە داوەتێکی فەرمیی بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی داڤۆسدا دەکات، کە ڕۆژانی 21 تا 24ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت و، تیشک دەخرێتە سەر پرسە جیهانییەکانی تایبەت بە ئابووری و سیاسەت و ئاسایش و سەقامگیری.

لەوبارەوە عەبدولسەلام بەرواری لە لێدوانێکیدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بۆی هەیە ئەمساڵ داڤۆس بێتە یەکێ لە گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵ، بەو پێیەی سێ هەزار کەسایەتی لە بوارەکانی ئابووری و سیاسیدا بەشداری دەبن، هاوکات 110 تا 120 وڵاتی جیهانیش تێیدا بەشدار دەبن، چ لە ئاستی سەرۆک، یا سەرۆکوەزیران، یا وەزیری دەرەوە. جەختیش لە گرینگی بەشداری سەرۆکی هەرێم دەکات، چونکە هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمە بە فەرمیی داوەتی کۆڕبەندەکە کراوە.



لە میانی بەشداریکردنیدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا و ئەنتۆنیۆ گۆتێرێز، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و، ژمارەیەک لە سەرکردە و وەزیران و بەرپرسانی باڵای وڵاتان کۆدەبێتەوە. مامۆستاکەی زانکۆش پێیوایە، مەبەست لەو کۆبوونەوانەش، پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سیاسەت و هەڵوێستی هەرێم و گۆڕینەوەی بیروڕا دەربارەی پرسە هەرێمی و جیهانییەکان، کە ئەوەش بە ئەنجامی سەرکەوتنی دیبلۆماسییەتی سەرکردەی کوردی ناو زەند دەکات.

خاڵێکی دیکە بۆ لێهاتوویی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان، عێراق و ناوچەکە گرنگە.

بەشداریکردنیدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنێکی داڤۆسدا، بە ناونیشانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ناسەقامگیر، گوتاری دەبێت. وەک عەبدولسەلام بەرواری ئاماژەی پێدا لە کۆڕبەندەکەدا چەند پانێلێک هەن، کە تایبەتن بە ئابووری، تەکنەلۆژیا، سیاسیی، یەکێ لەوانەش پەیوەستە بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە دوو پانێلن و سەرۆکی هەرێم لە یەکێ لەو پانێلانەدا گوتاری خۆی دەدات.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/1/22 ژمارە (5916)
خەبات

گرنگی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس و بەشداری سەرۆکی هەرێم لە کۆڕبەندەکەدا



تەیب زرار شێروانی



لەژێر ناونیشانی (ناجێگریی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، سەرنجی پانێڵەکە لەسەر عێراق و گرژییەکانی ئەم دواییەی ناوچەکەیە، هاوکات باس لە قەیرانەکان و پرسی سەقامگیری و ئاشتی ئێستای عێراق دەکرێت. جگە لە گرنگی پانێڵ و گفتوگۆکانی کۆڕبەندەکە لە پەراوێزی کۆڕبەندەکە دیدار و کۆبوونەوەی زۆر گرنگ ئەنجام دەدرێت و چەند رۆژێک چانسێکی باشە بۆ ئەوەی سەرکردە بەشدارەکان زۆرترین دیدار لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجامبدەن و ئەم بۆنەیەش بقۆستێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە هەڵواسراوەکانیان، هەر لەم روانگەوە دەبینین لە ساڵی 1994دا شیمۆن پێرێز وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئیسرائیل لەگەڵ یاسر عەرەفات، سەرۆکی پێشووی فەڵەستین لە پەراوێزی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان گەیشتنە رێککەوتنی ئاشتی. پێشتریش لە ساڵی 1988دا سەرۆکوەزیرانی یۆنان و تورکیا هەر لە پەراوێزی ئەم کۆڕبەندە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر کرد.

بۆیە بەشداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم بۆنەدا کاریگەری خۆی هەیە و ئاستی بەشداری سەرۆکی هەرێم لە ئاستی بەشداری سەرۆکی وڵاتان دەبێت لەڕووی پرۆتۆکۆڵی، ئومێد دەکەین دیپلۆماسییەتی سەرۆک و دیدارەکانی بەخێر و خۆشی بۆ هەرێمەکەمان رەنگدانەوەی هەبێت بە تایبەتی لە ڕووی پەرەپیدانی پەیوەندی کوردستان لەگەڵ وڵاتان و رێکخراوە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان کە ئێستا کاریگەرییان لەسەر سیاسەت و بڕیاری سیاسیی وڵاتان و جیهاندا هەیە.

لەژێر ناونیشانی (لەپێناو جیهانێکی خۆڕاگر و گەشەسەندنی بەردەوام) کۆڕبەندەکە بە بەشداری نزیکەی 3000 کەس لە 118 وڵاتی جیاواز لە سەرۆکی وڵات و سەرۆک وەزیران و وەزیر و نوێنەری 1000 کۆمپانیا گەورەکانی جیهان و کەسایەتی بەناوبانگ دەستبەکارەکانی دەکات.

لە کۆڕبەندی ئەمساڵدا175 پانێڵ و گفتوگۆی تایبەت لەسەر 7 بواری سەرەکی بەڕێوەدەچن کە ئەمانەن: چۆنیەتی رزگارکردنی زەوی، کۆمەڵگە و ئایندەی کار، بەکارخستنی تەکنەلۆژیا بۆ خزمەتی خەڵک، باشترکردنی چالاکییە بازرگانییەکان، زامنکردنی ئایندەیەکی باشتری تەندروستی، لەگەڵ دووتوێوەری گرنگی جیۆسیاسی.

رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆڕبەندەکە دەکات و چەندین دیدار و کۆبوونەوەش لە رۆژانی بەڕێوەچوونی کۆڕبەندەکە ئەنجامدەدات، لەنێویاندا بڕیارە لەگەڵ هەریەکە لە دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا و مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا و بەشداری لە پانێڵێک دەکات گۆتیریس سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆدەبێتەوە. هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لە پانێڵێکی دیپلۆماسی لوتکەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ و ئەنتۆنیۆ گۆتێریز، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەک لە سەرکردە و وەزیران و بەرپرسانی باڵای جیهان ئەنجامداوە، هەروەها پێدەچێت لە درێژەی دیدارە دیپلۆماسییەکانی سەرۆکی هەرێمدا چەندین پرسی گرنگیی ئابووری تاوتوێ بکرێت بەتایبەتی ئەمساڵ کۆڕبەندی ئابووری بەقورسایی زۆرەوە بەڕێوە دەچێت و ژمارەیەکی بەرچاوی سەرکردەکانی جیهان و سەرمایەدارە بەهێزەکان بەشداری دەکەن، لەوانە دونالد ترەمپ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کریستین لاغارد سەرۆکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و چەندین کەسی تری دیپلۆماسی و ئابووریناس، ئەمەش وادەکات کە هەرێمی کوردستان بتوانێت لەم رێگەیەوە هەماهەنگی بەهێز لەگەڵ کۆمپانیا بە هێزەکانی جیهاندا زیاتر پەیدا بکات و گرێبەستی ئابووریی بەهێز لە بواری ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنانی سەرچاوەی وزە ئەنجام بدات.

ئەوەشمان لەیاد نەچێت کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس زۆرجار وەک ناوەندێکی گرنگی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت چونکە لەئەنجامی دیداری دیپلۆماسی لوتکەی نێوان سەرۆکەکان زۆرجار رێکەوتنامەی نێودەوڵەتی ئەنجامدراوە لەوانە لەساڵی 1988دا یەکەم دیداری دیپلۆماسی لەنێوان سەرۆکوەزیرانی یۆنان و تورکیا لە کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس ئەنجامدرا و دواتر رێککەوتنامەیەکی ئاشتیان مۆرکرد و کێشەی دوورودرێژەکانی نێوانیان کۆتاییهات.

هەروەها رێککەوتنامەی ئاشتی عەرەب/ ئیسرائیلیش لە ساڵی 1994دا لەنیوان شیمۆن پێرێز، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئیسرایل و یاسر عەرەفات، سەرۆکی پێشووی فەڵەستین لە پەراوێزی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان ئەنجامدرا، واتا بەگوێرەی ئەو بەدواداچوونانەی کە دەکرێت ئەم کۆڕبەندە زۆر دیداری دیپلۆماسی گرنگی بەخۆیەوە بینیوە زۆر پرسی گرنگییان چارەسەرکردووە.


لە کۆتاییدا دەکرێت کۆڕبەندی ئابووری جیهان ئەمساڵ بۆ هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆری دەبێت چونکە عێراق وەک وڵات لەوپەڕی شڵەژان دایە و قەیرانەکان وڵاتەکەیان بەرەو نامۆبوون بردووە، لەلایەکی ترەوە ناکۆکی نێوان و ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەئاستێکی مەترسیدار دایە، ئەمەش وادەکات مەترسی لەسەر بازاڕی وزەی جیهان پەیدابێت لەم کاتەشدا هەرێمی کوردستان یەکێک دەبێت لە سەرچاوە گرنگەکانی وەبەرهێنانی وزە بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە ماوەی داهاتوودا گرنگییەکانی ئەم کۆڕبەندە لەسەر ئابووریی جیهان و هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت.

* ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران

کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس و کاریگەریی لەسەر ئابووریی جیهان



دکتۆرە مەیادە نەجار*



کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە یەکێکە لەکۆڕبەندە هەرە گرنگەکانی جیهان، چونکە بە بەشداری سەرۆکی دەیان وڵاتی زلهێزی جیهان و سەدان وڵاتی تر و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئابووریناسان لە وڵاتی سویسرا لەمانگی کانونی دووەم بەڕێوەدەچێت، ئەمساڵ دۆنالد ترەمپ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی چەندان وڵاتی جیهان بەشداری دەکەن، لەم راپۆرتە شیکارییەدا دەستێپێک و مێژووی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس و رۆڵی هەرێمی کوردستان لە بەشداری کردن لەم کۆڕبەندە و کاریگەریی کۆڕبەندی داڤۆس لەسەر ئابووریی جیهان و لێکەوتەکانی بۆ قەیرانە جیاوازەکان بە وردی بۆ خوێنەران شی دەکەینەوە.

داڤۆس شارێکی بچووکە دەکەوێتە سەر ڕووباری لاندویسر لە هەرێمی کانتون گراوبوندن لە وڵاتی سویسرا، بەڵام گرنگی خۆی هەیە لەسەر ئاستی جیهان نازناوێکی ئابووری هەڵگرتووە، وەک دەوترێت ناوەکەی هێندە ناسراوە لەسەر ئاستی جیهان لە ئاست ڕووبەری شارەکە زۆر گەورەترە، چونکە لەساڵی 1971 کۆڕبەندێکی بەرفراوانی ئابووری لێ ئەنجامدرا، سەرەتا سەرکردەکانی ئەو کاتەی ئەورووپا ناویان لێنا کۆڕبەندی بەڕێوەبردنی ئەورووپا کە ئامانجی سەرەکی لەم کۆڕبەندە بەڕێوەبردنی سیستەمی یەکێتی ئەورووپا و دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان وڵاتانی ئەورووپادا بوو تەنیا چالاکییەکانی کۆڕبەندەکە لە سنووری ئەورووپادا مابۆوە، بەدرێژایی ساڵانی حەفتاکان لەنێو کۆڕبەندەکەدا تەنیا وڵاتانی ئەورووپی دەبینران و زۆربەی تەوەرەکانی کۆڕبەندەکەش تایبەت بوون بە دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا.

ڕبەندی ئابووریی جیهان

بێگومان گۆڕانی ستراتیژیەتی ئابووری و رامیاری جیهان کاریگەری خۆی لەسەر سیاسەتی ئابووریی ئەورووپا دروستکرد، وڵاتانی ئەورووپی ناچاربوون بۆ پرسی ئابووریی هەماهەنگی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بکەن، هەر لە دابینکردنی بازاڕ و هەوڵدان بۆ دەستبەرکردنی سەرچاوەکانی وزە، بە تایبەتی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووەدا بە ئاشکرا ستراتیژی کۆڕبەندی بەڕێوەبردنی ئەورووپا گۆڕانکاری بەسەردا هات و بەهۆی گۆڕانکاریە بەردەوامەکانی جیهان و نزیکبوونەوەی وڵاتانی ئەورووپا لە یەکتری بەتایبەتی هەردوو بلۆکی ڕۆژئاوا و بلۆکی ڕۆژهەڵات و هەستی فراوانخوازی لەلایەن سەرکردەکانی ئەورووپا بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دروست بکەن، زیادبوونی ئامانجی کۆڕبەندەکە لە ڕووی سیاسییەوە لە ساڵی1987 ناوەکەی گۆڕدرا بۆ کۆڕبەندی ئابووریی جیهان.

کۆڕبەندی داڤۆس و قەیرانەکان

سەرەتا سەرۆکی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس (بۆرگ بڕێندا) ئەوەی خستەڕوو کە ئەرکی ئەمساڵی کۆڕبەندەکەیان زۆر قورسە، چونکە چەندین پرسی هەستیاری وەک تێکچوونی کەشوهەوای گۆی زەوی و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی، مەترسییە تەندروستییەکان لەسەر ئادەمیزاد باس دەکرێت، بێجگە لەوەی هەریەک لە ناکۆکییە ئابووریییەکانی ئەمەریکا و چین ناکۆکییەکانی نێوان ئەمەریکا و وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و مەترسیی سەرهەڵدانی شەڕی نێوان ئەمەریکا و ئێران و هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ناوکیی وڵاتانی 5+1 و ئێران گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و ئەگەر هەیە کۆڕبەندەکە چەند پرسێکی تری وەک ڕێکارەکانی هێورکردنەوەی گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت بخاتە نێو بەرنامەی کارەکانییەوە لەبەر ئەوەش ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و تیمێکی بەهێز لە سەرکردە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەشدار دەبن.

ئەمساڵ کۆڕبەندەکە پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گرنگی تاوتوێ دەکات بە تایبەتی پاراستنی ئاسایشی ڕێڕەوە ئاوییەکانی کەناوی عەرەبی و دەریای سوور و پرسی پاراستنی سامانی سروشتی و دابینکردنی وزەی دڕێژخایەن بۆ وڵاتە پیشەسازییەکانی جیهانیش باسێکی گەرمی نێو گۆنگرەکە دەبێت، بە تایبەتی ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگە لە بازاری وزە لە جیهاندا و وەک پردێک ڕەوایە لەنێوان یەکێتیی ئەورووپا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و چین و هیندستان کە ئێستا گەورەترین وڵاتانی بەکارهێنەری وزەن لەسەر ئاستی جیهاندا، لەبەر ئەم خاڵەش یەکێتیی ئەورووپا بەگرنگییەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات.

دیدارە دیپلۆماسییەکان

شایەنی باسە هەرێمی کوردستان چەندین ساڵە بەشداریی کارا لەم کۆڕبەندە دەکات بەدرێژایی ساڵانی رابردوو هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی باڵا بەشداری کردووە و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لەم کۆڕبەندەدا دیدارێکی دیپلۆماسی لوتکە لەگەڵ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ و ئەنتۆنیۆ گۆتێریز، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەک لە سەرکردە و وەزیران و بەرپرسانی باڵای جیهان ئەنجامداوە، هەروەها پێدەچێت لە درێژەی دیدارە دیپلۆماسییەکانی سەرۆکی هەرێمدا چەندین پرسی گرنگیی ئابووری تاوتوێ بکرێت بەتایبەتی ئەمساڵ کۆڕبەندی ئابووری بەقورسایی زۆرەوە بەڕێوە دەچێت و ژمارەیەکی بەرچاوی سەرکردەکانی جیهان و سەرمایەدارە بەهێزەکان بەشداری دەکەن، لەوانە دونالد ترەمپ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کریستین لاغارد سەرۆکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و چەندین کەسی تری دیپلۆماسی و ئابووریناس، ئەمەش وادەکات کە هەرێمی کوردستان بتوانێت لەم ڕێگەیەوە هەماهەنگی بەهێز لەگەڵ کۆمپانیا بە هێزەکانی جیهاندا زیاتر پەیدا بکات و گرێبەستی ئابووریی بەهێز لە بواری ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنانی سەرچاوەی وزە ئەنجام بدات.

ئەوەشمان لەیاد نەچێت کۆڕبەندی ئابووری داڤۆس زۆرجار وەک ناوەندێکی گرنگی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت چونکە لەئەنجامی دیداری دیپلۆماسی لوتکەی نێوان سەرۆکەکان زۆرجار رێکەوتنامەی نێودەوڵەتی ئەنجامدراوە لەوانە لەساڵی 1988دا یەکەم دیداری دیپلۆماسی لەنێوان سەرۆکوەزیرانی یۆنان و تورکیا لە کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس ئەنجامدرا و دواتر رێککەوتنامەیەکی ئاشتیان مۆرکرد و کێشەی دوورودرێژەکانی نێوانیان کۆتاییهات.

هەروەها رێککەوتنامەی ئاشتی عەرەب/ ئیسرائیلیش لە ساڵی 1994دا لەنیوان شیمۆن پێرێز، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئیسرایل و یاسر عەرەفات، سەرۆکی پێشووی فەڵەستین لە پەراوێزی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان ئەنجامدرا، واتا بەگوێرەی ئەو بەدواداچوونانەی کە دەکرێت ئەم کۆڕبەندە زۆر دیداری دیپلۆماسی گرنگی بەخۆیەوە بینیوە زۆر پرسی گرنگییان چارەسەرکردووە.

لە کۆتاییدا دەکرێت کۆڕبەندی ئابووری جیهان ئەمساڵ بۆ هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆری دەبێت چونکە عێراق وەک وڵات لەوپەڕی شڵەژان دایە و قەیرانەکان وڵاتەکەیان بەرەو نامۆبوون بردووە، لەلایەکی ترەوە ناکۆکی نێوان و ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەئاستێکی مەترسیدار دایە، ئەمەش وادەکات مەترسی لەسەر بازاڕی وزەی جیهان پەیدابێت لەم کاتەشدا هەرێمی کوردستان یەکێک دەبێت لە سەرچاوە گرنگەکانی وەبەرهێنانی وزە بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە ماوەی داهاتوودا گرنگییەکانی ئەم کۆڕبەندە لەسەر ئابووریی جیهان و هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت.

* ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران



پەیامی لقی 22 لەبارەی شەهیدکردنی پێشمەرگەیەکی بارەگای لق

دوێنێ سێشەممە لقی 22ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی شەهیدکردنی هەڤاڵ سالار سابیر محەممەد پێشمەرگەی بارەگای لق، پەیامێکی بڵاوکردەوە: ئەمەش دەقەکەیەتی:

زۆربە داخەوە ئەمڕۆ 21ی کانوونی دووەمی2020 کاتژمێر 5:30ی بەرەبەیانی لە شارۆچکەی دووز خورماتوو چەند چەکدارێکی نەناسراو هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی هەڤاڵ "سالار سابیر محەممەد" پێشمەرگەی بارەگای لقمان و بەناهەق شەهیدیان کردووە.

ئێمە لە کاتێکدا پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادەی شەهید و کەسوکار و هەڤاڵانی دەکەین، هاوکات بە توندی ئیدانەی ئەو تاوانە نامرۆڤانە تیرۆریستییە دەکەین و بەرپرسیاریەتی دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی دەخەینە ئەستۆی لایەنە پەیوەندار و دەزگا ئەمنییەکانی سنوورەکە و داوایان لێ دەکەین بە زووترین کات هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئاشکراکردنی ئەو دەستە گوماناوی و تاوانکارە بۆ ئەوەی بە سزای یاسایی خۆیان بگەن.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید سالار و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان

مردن و سەرشۆڕی بۆ تاوانکار و تیرۆریستان

لقی 22ی گەرمیان
پارتی دیموکراتی کوردستان
21ی کانوونی دووەمی 2020



لە بارەگای لقی 24ی سەفین کۆبوونەوەیەکی فراوان بەڕێوەچوو

ڕۆژی21/1/2020 لەبارەگای لقی24ی سەفینی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدرێژەی کۆڕ و کۆبوونەوە حزبییەکاندا، بە ئامادەبوونی کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەولێری پارتی، هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی24ی سەفین و ئەندامانی ئەنجومەن و نوێنەرانی مەکتەبی ڕێکخستن و کارگێڕانی لق و بەرپرسانی ناوچەکان و کادیرانی لق لە سنوری لق کۆبوونەوەیەکی فراوان بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆبونەوەکە بەچەند ساتێک وەستان بۆگیانی پاکی شەهیدان و سەروەریان بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد.

دواتر وتەی بەخێرهێنان لەلایەن هیوا ئەحمەد مستەفا پێشکەشکرا.

لەبەشێکی دیکەی کۆبونەوەکە، کاکەمین نەجار سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر، تیشکی خستە سەر دواین پێشهات و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و پەیوەندی هەرێمی کوردستان و هەروەها ڕۆڵی پارتی لە پاراستنی هەرێمی کوردستان بۆ کەوادیران شیکردەوە.

لە بەشێکی تری باسەکەیدا، بارودۆخی ناوخۆی حزب و هەنگاوەکانی بەستنی کۆنگرەی 14لەم ساڵدا باسکرد، کە لە دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی بە سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانی بڕیاری لێدرا.

پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان کۆبوونەوە

یەک گوتاری و هەماهەنگی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەهەمبەر ئەم ڕەوشە نالەبارەی لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق ڕوویداوە باسی لێوەکرا



دوێنێ عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان لە هەولێر کرد، لەلایەن خدر روسی سکرتێری بزووتنەوەکەو ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا دوای تیشک خستنە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواپێوان پێشهات و گۆڕانکارییەکان و بارودۆخی هەستیاری ناوچەکەو دووربوونی لەم ململانێیە تیشکی خرایەسەر، هاوکات یەک گوتاری و هەماهەنگی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەهەمبەر ئەم ڕەوشە نالەبارەی لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەگشتی هاتۆتە ئاراوە بەبایەخەوە باسی لێوەکرا، هەروەها خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی و خزمەت کردن بە پرسە دیموکراتیەکان و بەردەوامی هەماهەنگییەکان لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکانی گەلی کوردستان و هۆشیاری زیاتر لە پالپشتی کردنی ئەرک و بەرپرسیارەتی هەموو لایەک بۆ داکۆکی کردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغەکە تەئکیدی لەسەر کرایەوە.

بەرپرسێ لقا ئێک: د ناڤ هەر میللەتەکی دا هندەک مروڤێن ژێگرتی هەنە ئەو کەسێن ییێن ڕوحێن خوە پێشکێشی قێ ئاخێ دکەن

پۆلیسی هەولێر: تەرمی دایکێک و کوڕ و کچەکەی لە عەنکاوە دۆزرانەوە

دوێنێ رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند: سەر لەبەیانی 1/19/ 2020هەواڵێکیان لەبارەی چەند تەرمێکەوە پێگەیشت و دوای گەیشتنی هێزەکانیان بۆ شوێنی ڕووداوەکە، دەرکەوتووە کە تەرمەکان بریتی بوون لە سێ تەرم ئەوانیش: دایکێک لەدایکبووی 1983 و کوڕەکەی 2002 و کچەکەی 2005. ناوبراو ئاشکراشی کرد، ئەو خێزانە بە ڕەچەڵەک خەڵکی شارەزێی (بەتنایا)ی سەر بە شارۆچکەی بەعشیقەی پارێزگای نەینەوان و دوای ئاوارەبوونیان لە عەنکاوە ژیاون. هەر سێ تەرمەکەش نارادراون بۆ پزیشکی دادیی و ئێستاش لێکۆڵینەوەکان لە بارەی ڕووداوەکە دەستی پێکردووە.

سەربەست تەروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤێسینگەها شەهیدان لسنورێلیژنا ناوچا کوماتە دگەل هژمارەکا مالباتێن شەهیدان کومبوو. دڤێ کومبوونێ دا بەرپرسێ لقێ ئاماژە ب وێ ئێکێ دا کو ئەڤرو هەمی هەولّ تێنەدان ژ بۆ خوەشکرنا ژین و ژیارا مالباتێن شەهیدێن سەربلند، ئەڤ هاریکاری و پشتەڤانییێن ئەم پێشکێشی هەوە دکەین ئەرکەکێ بچیکە ب هەوە د بەخشین چونکی د ناڤ هەر میللەتەکی دا هندەکمروڤێن ژێگرتی هەنە ئەو کەسێن ییێن ڕوحێن خوە پێشکێشی قێ ئاخێ دکەن بەلێ عەزیزێن هەوە ژی ژ وان ژێگرتیا بووینە، مالباتێن شەهیدان ژی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ ژ بۆ ڤان هاریکاری و پشتەڤانیا ئەون بەردەوام دگەل مالباتێن شەهیدان کر .



ڕێکخراوی ناحکوومیی سویدی لە هاوکاریی مرۆیی و گەشەپێدان بۆ کوردستان بەردەوام دەبێت



بەرپرسی ڕێکخراوی ناحکوومیی (سویدۆ)ی سویدی بۆ پرسەکانی هاوکاریی مرۆیی و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و سووریا سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەب و ژمارەیەک لە ستافی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بە گەرمی پێشوازی کران. سیوەیلی لە دیدار لەگەڵ حوسێن بۆتانی، بەرپرسی ڕێکخراوی ناحکوومی (سویدۆ)ی سویدی بۆ پرسەکانی هاوکاریی مرۆیی و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و سووریا، وێڕای ئاراستەکردنی سوپاس و ستایشی پارتی و خەڵکی هەرێمی کوردستان لە بەردەوامبوونی چالاکییەکانی ڕێکخراوی (سویدۆ)ی سویدی لە سەردەمە هەستیارەکاندا بە گەیاندنی هاوکاریی مرۆیی ڕێکخراوەکەیان و ئەنجامدانی پرۆژەکانیان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە جیاجیاکانی عێراق و سووریا لە سەردەمی جیاواز و بەتایبەتی لە دەستپێکی هێرش و پەلامارە تیرۆریستییەکانی ڕێکخراوی داعش بۆ سەر خەڵکی سڤیلی کوردستان و ناوچەکە.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

هەڤاڵی بەڕێز تالێب ئەحمەد

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو (ئەحمەد عەباس مەمەند) باوکی بەڕێزتانمان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو حوسێن محەمەد

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دەڤەری پشدەر، خوالێخۆشبوو (حوسێن محەمەد)مان پێگەیشت. بەو بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بۆ بەڕێز فارس عیسا خیلەخی، نوێنەری حکوومەتی هەریم لە بەغدا

بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکی جەنابتان، پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی بنەماڵە و کەسوکاری بەڕێزتان دەکەین.

خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین، خوای گەورە سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک بدات، خوای گەورە خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و جێگەی بەهەشتی بەرین بێت.

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

33 کۆمپانیای بواری دەرمان داخران

لەراگەیاندراوێکدا وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە کە دوای چەندین مانگ لە ڕەخساندنی هەل بۆ نوێکردنەوە و باپەندبوونی کۆمپانیاکان بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندوستی و ئاگادار کردنەوەیان لەلایەن وەزارەتەوە، لە دووەمین قۆناغی چاکسازی لە بواری دەرمان و پێداویستی پزیشکی، لە بەر باپەند نەبوون بە ڕێنماییەکان و پێوەری نوێی مۆلەت نوێکردنەوە و کۆگاکردن، بڕیاریدا بە داخستن و ڕاگرتنی کارو چالاکییەکانی33 کۆمپانیای دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ڕاشیدەگەێنێت، ئەم بڕیارە پالپشتە بە بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە چاکسازی لە بواری دەرمان و پێداویستی پزیشکی و هەروەها نوسراوی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی. وەزارەتی تەندروستی هەرێم ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێدەکرێت و هیچ کارو چالاکییەک لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە ئەنجام نادرێت.





خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر ئاشکرای کرد بەهۆی نەبوونی مەرجی تەندروستی، 19 شوێن لە هەولێر داخران. د. سەرهەنگ جەلال، بەڕێوەبەری کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر ڕاگەیاند تیمەکانی چاودێریی تەندروستی و سەلامەتیی خۆراک لە هۆبەی چاودێریی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پاراستنی تەندروستی، لە ئەنجامی هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنیندا 19 شوێنیان لە سنووری شارەوانییەکانی 1 و 3 و 4 داخست، کە مەرجەکانی تەندروستیان تێدا نەبوو. ئەو شوێنانە بریتین لە: دوو سەمونخانە و یەک نانەواخانە و سێ خواردنگە و پێنج ئارایشگە و یەک مەساج و یەک کۆگا و دوو چایخانە و چوار سەرتاشخانە.

بەڕێوەبەری کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر ئاماژەی بەوەش داوە: تیمەکان ڕۆژانە لە پشکنینی شوێنە گشتی و کارگەکان بەردەوامن بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە هاوواڵتیان دەکەین لە کاتی بینینی هەر سەرپێچییەک، تیمەکانمان ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەن.

دەستبەسەر 130 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەری جۆری هێرۆین گیرا



بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان لە ئاسایشی هەولێر دەستبەسەر 130 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەری جۆری هێرۆین دەگرێت و باندێکیش دەستگیر دەکات. بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاماژە بەوە دەکات، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان چالاکییەکەیان ئەنجامداوە. سەردەڕای دەستگرتن بەسەر ئەو بڕە لە ماددەی هۆشبەر سێ تۆمەتباریش دەستگیرکراون.

لە ڕاگەیێندراوەکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان ئەوەشتاتووە، تۆمەتبارەکان بەپێی یاسای 14ی ماددە هۆشبەرەکان پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە و ڕەوانەی دادگا کراون.

ئاگادارییەک لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر هاووڵاتیان و شوفێران و کۆمپانیاکانی کرین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

موقەدەم فازڵ حاجی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی هەولێر لەهەڤماری تایبەت بەخۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک سەرجەم هاووڵاتییان و شوفێران و کۆمپانیاکانی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئاگادار دەکاتەوە کە ڕەزامەندی درا بە تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی مۆدێل 2017 ئەوانەی لە گومرگی باشماخەوە داخڵی هەرێمی کوردستان کرابوون بەبێ ئەوەی تووشی سزای دارایی بن، بە مەرجێک تاوەکو بەرواری 2020/2/16 بە مەبەستی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلەکانیان سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆ بکەن. ڕاشیدەگەیەنێت، دوای تێپەڕبوونی ئەم ماوەیە، سزای دواکەوتن دەکەوێتە سەر هەر ئۆتۆمبێلێک، کە خاوەنەکەی بۆ تۆمارکردن لە ماوەی دیاریکراودا سەردانی هاتووچۆی نەکردبێت.

هۆشیاری و ڕێنمایی گرنگ بە هاوواڵاتیان دراوە

بەڕێوەبەری کاروباری تەندروستی هەولێر: بۆ نەخۆشی ئەنفلۆنزای وەرزی لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری هۆڵێکی تایبەت ئامادەکراوە

خەبات: فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی دکتۆر سەرهەنگ جەلال جامباز بەڕێوەبەری کاروباری تەندروستی هەولێر نەخۆشی ئەنفلۆنزا نەخۆشیەکی تازە نییەو لەمێژە ئەو نەخۆشیە بەربڵاوە، ئەویش بەهۆی ڤایرۆسی ئەنفلۆنزاوە مرۆڤ تووشی دەبێت کە جۆرەکانی (A. B. C) هەیە، بەڵام زیاتر جۆرەکانی(A. B) زیاتر تووشی مرۆڤ دەبێت، دیارە جۆری (A) ە تونـدتـرە لـە جۆری (B) یـەکـە و هـەمـوو سـاڵێک لـە زۆر وڵات سەرهەڵدەدات.



د. سەرهەنگ جامباز دەڵێت: زیاد بوونی ڕێژەی تووشبووان لـە وەرزی کۆتـایی پـایـز و سـەرەتـای وەرزی زسـتـان دەستپێدەکات، لە مانگەکانی 11و 12و هەتا مانگی یەک ودووش هەندێجار ئەو پەتایە ژمـارەکـەی بـەرەو زیـادبـوون دەچێت، دواتر کەمدەبێتەوە، دیارە ئەمسااڵیش وەکو ساڵانی پێشتر ڕێژەی تووشبووان لە ڕێژەی ئـاسـایـیـدایـە و هـیـچ زیادەیەکی ئەوتۆی تیا تۆمار نەکراوە و ڕێژەی تووشبووان لـەسـەر ئـاسـتـی هـەرێـمـی کـوردسـتـان و عێـراق و ڕۆژ هـەاڵتی نـاوەڕاست کـە ئێـمـە بەشێکین لێی، لەسەر ئاستی جـیـهـانـیش هـەر لـە ڕێژەی ئاساییدایە، ئەوانەی کە تووش دەبن وەکو زیادبوونەکەی لە وەرزی زسـتـان دواتـر بـەرەو کەمیدەچێت.

وەزارەتی تەندروستی ئامادەکاری کردووە

دواتر (بەڕێوەبەری کاروباری تـەنـدروسـتـی هـەولێـر) ڕوونـیـکـردەوە: ئێـمـە وەکـو (وەزارەتی تـەنـدروسـتـی و بـەڕێـوەبـەرایـەتی گـشـتـی تەنـدروستی هـەولێـر) پلانی تایبەتی ساڵانەمان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیەکانی هەناسە کە ئەنفلۆنزای پێدەڵێن و بەشێکە لەو نەخۆشیانە و کۆبوونەوەی (لیژنەی باڵای وەزارەتی تەندروستی و لیژنەی باڵای بەڕێوەبەرایەتی گشتی تـەنـدروسـتـی هـەولێـر) کۆبـوونـەوەی خۆیان کـرد بۆ پەیڕەو کردنی ئەو پلانەی کە دانراوە و جێبەجێکردنی لەسەر ئاستی (هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر)یش، دیارە لە (نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری)ش بۆ ئەم مەبەستەش هۆڵێـکـی تـایـبـەتـمـان لـەنـەخۆشـخـانـەی هـەولێـری فـێـرکـاری هـەیـە بۆتـە نـەخۆشانەی کە گومانی ئەو نـەخۆشـیـیـەیـان هەیەو ڕەوانەی ئەوێیان دەکەن، تا چارەسەری پێویستیان بۆ بکرێت و لە تاقیگەش کاریان بۆ دەکرێ تا بزانرێ ئایا ئەو نەخۆشیەیان هەیە؟ لەنەخۆشخانەکانیش چـارەسـەری تـەواو هـەیـەو لە(نەخۆشخانەی هەولێری فێـرکـاری)ش چـارەسـەری پێویست هەیە بۆ ئەوانەی کە گـومـانـیـان لێدەکرێت تا بـە زووترین کات داو و دەرمانی پێـویـسـت وەرگـرن، دواتـر سـەبـارەت بـە (ڤـاکـسـیـنـی ئەنفلۆنزا) ئەو ڤاکسینە لەسەر ئاستی جـیـهـانـیش سـاڵانـە دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی ساڵانە ڤاکسینی تازە دروستدەکرێت، ئـەگـەرچی پێـشـتـر هـەرکـە ڤاکسینەکە دەگەیشتە لای ئێمە لە سەرەتای مانگی 10، ئەمسااڵ ڤاکسینەکە درەنگ گـەیـشـتـە لامـان دەبێ هـاووڵاتـیـان ئـەوە بـزانـن کـە کڕینی ڤاکسین لە ئەستۆی (وەزارەتی تەندروستی هەرێم) نـیـیـە، بـەڵـکـو (وەزارەتی تەندروستی عێراق) ڤاکسین دابیندەکات، دیارە دواکەوتنی ڤاکسینەکە لەوێ بوو نەوەک لەلای ئێمە و درەنگ گەیشت، هـەرکـە گـەیـشـت ئێـمـەش دابەشمان کرد و دەستمانکرد بـە کـوتـانـی ئـەوانـەی کـە پێویستە بکوترێن کۆمەڵی مـەترسـیـداریـان پێدەڵێن و تەمەنیان لە 65 ساڵ زیاترە و ئەوانەی کە تەمەنیان لە پێنج ساڵ بچووکترە لەگەڵ ئافرەتی دووگـیـان و ئـەو کـارمـەنـدە تـەندروسـتـیـانـەی کـە کـاری ڕاسـتـەوخـۆیـان لـەگـەڵ ئـەو نەخۆشانە هەیە لەنەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان و ئەوانە کـوتـران و تـا ئێـسـتـاش بەردەوامین لەسەر بەرنامەی کوتانەکان بۆئەو کۆمەڵەیە.

هۆشیاری و ڕێنمایی گرنگ بۆ هاوواڵانیان

ئامازە بەداواى ژمارە (٤٣٥١/ش/٢٠١٩/٣) تایبەت بەداواکار (دونیا سربست خالد) و داواليّکراو (ڕەوەند احمد اسماعیل) دادگا بڕیاریدا لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٩ بڕیاریدا بە (جیابوونەوە لە نێوان تۆ و داواکار) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/ گەڕەکی ژیان) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە و، تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانەوە، بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ طارق حسین کریم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٤٣٥٣/ش/٢٠١٩/٣
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٩
جاڕدان
بۆ داواليّکراو (ڕەوەند احمد اسماعیل)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامازە بەداواى ژمارە (٤٣٥٣/ش/٢٠١٩/٣) تایبەت بەداواکار (دونیا سربست خالد) و داواليّکراو (ڕەوەند احمد اسماعیل) دادگا بڕیاریدا لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٩ بڕیاریدا بە (جیابوونەوە لە نێوان تۆ و داواکار) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/ گەڕەکی ژیان) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە و، تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانەوە، بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ طارق حسین کریم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٤٣٥٣/ش/٢٠٢٠/٣
رێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢١
جاردان
بۆ داواليّکراو (شادی محمد صادق احمد نژاد)
ئامازە بە داواى ژمارە (٤٣٥٣/ش/٢٠٢٠/٣) کە تایبەتە بە داواکار (کاروان عولا بیروت) وە داواليّکراو (شادی محمد صادق احمد نژاد) جۆری داوا (پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی – تصدیق الزواج الخارجی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (رایەرین- سەلاحەدین) دادگا بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٨ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێك یاسایی لەجاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و
بوومەلەرزەزانی هەولێر
کارگێری
ژمارە: ٣٧
رێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٩
بۆ/ فەرمانبەر (سروە قادر حمد)
ئاگادارکردنەوە
دوابەدوای فەرمانی کارگێریمان ژمارە (٣) لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/٥ بەنەهاتن (غائب) بۆت ئەژمار دەکرێت بەهۆی دەست بەکارنەبوونت لەرێکەوتی دیاری کراو تاوەکو ئەم رێکەوتە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە بەدەست بەکاربوونت لەماوەی ٧ رۆژ لەناوەوەی هەرێم بیت و ٣٠ رۆژ لە دەرەوەی هەرێم بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەکەت دێت ئەو ماوەیە لەرێکەوتی دەست بەکارنەبوونت تاوەکو رێکەوت بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارکردنەوەیە ئەژمێردرێت بەنەهاتنی بەبێ مووچە.
محمد عبدالرحمن کریم
بەڕێوەبەری کەشناسی و
بوومەلەرزەزانی هەولێر
***
دادگەها کاروباری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٥/ش/٢٠٢٠
رێکەفت/ ٢٠٢٠/١/٢١
ئاگەهداری
بۆ داواليّکەراو (زاکلین نباتی)
جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە
داواکار (عزت صباح عبدالرحمن) داژێ تێدا دکەت پەسندکرنا تلاقا دەرەکی (تصدیق طلاق خارجی) ئەوا روداى دناڤبەرا تە وێ وێ ژ تە ل ٢٠٢٠/١/٧ وژبەر کو جهێ ئاکینجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا دەستەکا هەلبژیر ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها تناهی ئاگەهدارکرنا تە بێتەکرن ل دوو رۆژنامەیین رۆژانەییێ نافخوییێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر قی دادگەهی ل دەمژمیر دەە ل سپیدەهیا رۆژا ٢٠٢٠/٢/٥ ول بەروڤاژی قی جەندی دابینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ٤٤/کەتن/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتباریّ ڕەڤی/ داؤد خدیدة سلیمان
دەمێ تو یێ تومەتبار د کێشا ژمارە ٨٩/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن شاریا لدیڤ بەندێ (٤٥٦) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیێ نەدیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهی سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/١٤ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا وە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ. دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێلێ
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ٤٨/کەتن/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێن ڕەڤی/ جمیلە عثمان احمد و محمد خلیل کلی
دەمێ هوین تومەتبار د کێشا ژمارە ٥٤/ اساس/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن مسیریك لدیڤ بەندێ (٤٥٦ دگەل بەندێن هەفپشك ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا وە نەیێ نەدیارە بریار هاتە دان هوین بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهی سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/١٤ بو دادگەهکرنا وە هەوە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا وە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێلێ
***
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ١٥٥/ج/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٥
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ دژوار محمد خورشید
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٥٥/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نەهێلانا هوشبەری ب هژمار ٢٠١٤/٦٣ ل سەر مادەە (١٤ بێهوش) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبن بەرامبەری ڤێ دادگەهی سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/٢ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١
***
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٧٦/ج/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٥
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ عدنان دانیال یعقوب
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٧٦/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نقیسینگەها ڤەکولینا زاخۆ یا دەستەیا دەستپاکی ب هژمار ٣٣/ق ك٢٠١٦/٣ ل سەر مادەێ ٣١٦ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا وە هەوە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
***
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٧٥/ج/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٥
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێن ڕەڤی/ محمد هیاس احمد و خالد هیاس احمد و شاە زاد سعید احمد و یقین شاە زاد احمد و هوار رؤوف عبدالکریم
دەمێ هوون د تومەتبار ب کێشا ژمارە ٧٥/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن کەلەکچی ب هژمار ٢٠١٨/١٠٣ ل سەر مادەێ ١/٤٠٦- ب ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا هەوە نەیێ دیارە بریار هاتە دان هوون بهێنە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی بەرامبەری ڤێ دادگەهکرنا هەوە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە نەیێ دیارە بریار هاتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
***
سەرۆکایەتی شارەوانی رواندز
(هونەری)
ژمارە : ٣٩/١٢١
رێکەوت : ٢٠٢٠/١/١٤
ئاگادارى
ئامازە بە نووسراوى بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر ژمارە (١٦٣٠٧/١٠٠) لە (٢٠١٩/١٢/١٧) ئاگادارى گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان ئەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی رواندز بە نیازە نەخشەی کەرتی ژمارە (٢٦٤ k) هەموار بکاتەوە هەر کەسێك سکالا و تێبینی هەیە لەماوەیەوە سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی رواندز بکات لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی دەست پێدەکات دوای ئەوە نەخشە پەسند دەکرێت بە پێی یاسای شارەوانییەکان ژمارە (٦) ساڵی (١٩٩٢) , لەگەڵ رێزماندا
نجاة مجید حسن
سەرۆکی شارەوانی رواندز/بە وەکالەت

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (وولاتی هێمن) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریارى پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگادارى بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سایدى بەختیارى- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (هەفتە) بۆ ئالوگۆرى دراو/ سنوردار) بریارى گۆرینی (ناوى)ى کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (هەفتە) بۆ کۆمپانیای (اضواء البدر)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سایدى بەختیارى- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ریدین) بۆ ئالوگۆرى دراو/ سنوردار) بریارى گۆرینی (ناوى)ى کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (ریدین) بۆ کۆمپانیای (عود المسك)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سایدى بەختیارى- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکان هەولێر

RELIEF INTERNATIONAL

طلب تقديم عروض / دعوة للمناقصة

تعلن هيئة الإغاثة الدولية عن طرحها للمناقصات التالية:

- مناقصة شراء **مستهلكات طبية** رقم **RI/JOR/WOS/2019/076 لعقد اتفاقية مفتوحة ثابتة السعر لمدة سنة واحدة.**
- اخر موعد لتسليم المناقصات هو **6 فبراير 2020** لغاية نهاية اليوم.
- على الراغبين بالمشاركة الرجاء ارسال تاكيد مشاركة عن طريق طلب اوراق المناقصة مجانا من خلال الموقع الالكتروني (riwos.tenders@ri.org) او عن طريق مكتب هيئة الاغاثة الدولية الكائن في **عنكاوة- محلة قصر روستم- خلف غسيل عنكاوة للسيارات. رقم الدار 520/8/240**
- الرجاء ارسال المناقصات و العروض داخل مغلف مغلق و مختوم الى مكتب هيئة الاغاثة الدولية او عن طريق خدمات التوصيل المعتمدة و ذلك ليس بعد يوم الاغلاق، سوف لا ينظر في اي مناقصة غير متقيدة مع المعايير المذكوره
- يجب ان ترفق المناقصات و العروض بنسخ عن شهادات تسجيل الشركة و رخصة مهن سارية المفعول تفيد بان الشركة مخولة ببيع و تداول السلع الطبية.
- عند استلام نسخ العطاء يجب التاكد من تسجيل اسم الشركة و الشخص المستلم في سجل خاص في مكاتب هيئة الاغاثة الدولية و سيتم اعتماد المراسلات الالكتروني كسجل اذا تم طلب نسخ العطاء عن طريق البريد الالكتروني.
- لمزيد من المعلومات يرجى الإتصال على هاتف رقم (009647504308348) من الساعة العاشرة صباحا و لغاية الساعة الخامسة مساء باستثناء يومي السبت والجمعة او الارسال الاستفسار الى: riwos.tenders@ri.org

Request for Proposal / Invitation to BID

Relief International– WOS office is soliciting bids from suppliers who are duly registered / licensed by the government of ERBIL for the below Tenders :

- **Medical Consumables** Invitation to Tender # **RI/JOR/WOS/2019/076, for contracting one year fixed priced blanket Agreement.**
- The last day for submitting quotations is **06 February 2020** by end of the day.
- Those who are interested in participating, please confirm your participation by requesting the tender dossier free of charge by email to the email address (riwos.tenders@ri.org) or can be collected from RI office located in **Ankawa - Qaseer Rostam-behind Ankawa car wash- House # 240\8\520.**
- Bids must be delivered in **SEALED ENVELOPE** to RI office on the address above or through courier service not later than the closing deadline. No bid will be considered for further evaluation process if that doesn't meet the stated criteria. Mark Tender reference number on the envelope as indicated above.
- Bids must include copies of company registration certificates, a valid work permit, and relevant company operational certificates. Provide the certificate of authorization to sell and deal in medical commodities.
- It is mandatory to register your company on a provided logbook kept in RI office at the time of collecting tender dossier and submission of bid. For those who request tender dossier by email we use the email exchange for registration purpose same for bids delivered and received through courier.
- For more information, please contact us at (009647504308348) from 10 am to 5 pm. Except Fridays and Saturdays or send your inquiry to: riwos.tenders@ri.org



شەڕی ئابووری تەمپ بەرفراوانتر دەبێت ،ئاسەوارەکەشی وێرانکارە

ئا: خالید گەردی

بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەوا سزا ئابووریيە نوێیەکەی ئەم دواییەی تەمپ لە دژی ئێران دەچێتە خانەی تۆڵەسەندنەوە لە دژی ڕۆکێتبارانکردنی سەربازگەکانی سوپای وڵاتەکەی لە عێراق لەلایەن ئێرانەوە، ئەوا سزاکانی ئەمجارە بەرفراوانی بە خۆیەوە بینیوە و چەندین کەرتی گرنگی نوێی ئابووری و زیندەگی ئێرانی گرتۆتەوە کە پێشتر هەر خۆی ئابووریيەکی بەهۆی سزاکانی ڕووبەڕووی دارمان هاتبوو بەمەش بەنزینی زیاتری بە ئاگری قەیرانەکەی ئێران داکرد.سزا ئابووریيە نوێیەکەی ئەمەریکا ، حکوومەتی ئێران لەو سەرچاوە کەمەش بێ بەش دەکات کە جاران بەهۆیەوە تا ڕادەیەک ئێران توانیبووی بەرگەی سزاکان بگرێت بەمەش کاریگەری ئێران بەسەر وڵاتانی تاوچەکە زۆر کەمتر دەبێت. بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ، ئایا سزا نوێیەکان دەتوانن ئەو ئامانجانەی ئەمەریکا بەدەست بێنێت کە سزاکانی پێشووتر نەیانتوانی؟

ئامانجێکی دوورو ئەوەی دیکەیان نزیک

وا پێدەچێت ئیدارەی ئەمەریکا بە تایبەتیش مایک پۆمپیوی وەزیری دەرەوەی ستیفن مینوتچنی وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا دڵنیا بن لەوەی هەتا ئەگەر زیاتر کردنی گوشارەکان ئامانجی کۆتایی ئەمەریکایان بۆ بەدەست نەهێنێت، کە ئەویش ناچارکردنی ئێرانە بە دانوستاندنی بێ مەرج لەگەڵ تەمپ، ئەوا هەر هیچ نەبێت ئامانجێکی نزیکیان بۆ دەستبەبەر دەکات، ئەویش بەرتەسککردنەوەی توانا کانی ئێرانە لە پاڵپشتی و کۆمەککردنی بریکارەکانی وەک حزبوڵڵا لە لوبنان و بزووتنەوەی حەماس لە غەززە و میلیشیاکان لە عێراق و سووریا و جەماعەتی حوسییەکانە لە یەمەن.بە پێی بۆچوونی پۆمپیو سزاکاریگەرە سەپێنراوەکانی واشنتۆن بۆ سەر تاران، بۆتە هۆکاری بێ بەشکردنی ئەو وڵاتە لەو سەرچاوە داراییانەی پێشتر چنگی دەکەوت و بەهۆیەوە درێژەی بە سیاسەتە وێرانکەرەکەی لە ناوچەکە دەدا، بەڵام ئێستا لە (80%)ی داهاتی نەوتەکەی (90%) بەکارهێنانی یەدەگی دراوی بیانی بێ بەش کراوە، بەرپرسانی ئێرانی ناچار بە هەقیقەتە کردوو لەسەریانە لە نێوان پاڵپشتی کردنی حزبوڵڵا و حەماس..تاد یا دابین کردنی پێداویستییەکانی گەلانی ئێران یەکێکیان هەڵبژێرن کەوەک تەمپ دەڵێت شایەنی ژیانێکی باشترن و پێی وایە سزا نوێیەکان وەشاندنی گورجی تونده لە دامەزراوە ئەمنییەکانی رژێ مکە چەندین سەرکردەی دیاری سوپا و بەرپرسانی ئاسایشی نەتەوەیی لە نێویاندا وەک غەولام رەزا سلێمانی سەرکردەی سوپای پاسداران کە ناوبراو بەسەرکوتکردنی خۆپیشاندەرە جەماوەرییەکەی ئێران لەبەر خراپی باری بژێویان هەڵساوە، دەگرێتەوە، ئەمەش وەک پەیامێکی تەرمپ وایە بۆ گەلانی ئێران کەوا ئەمەریکا پشتگیری لە داوا ڕەواکانی ئەوان بۆ ژیانێکی ئازادانە دەکات.

ئەو کەرتانەی سزا نوێیەکە دەیانگرێتەوە

شیکەرەوان ئامازە بە بوونی جیاوازی زۆر لە سزاکانی ئەمجارەی ئەمەریکا بۆ سەر کەرتە بازرگانییەکانی ئێران لەگەڵ سزاکانی پێشووتری دەکەن، پێیان وایە سزا نوێیەکان کاریگەری گەورەی بەسەر ئابووری ئێرانەوە دەبێت. لەمبارەیەوە بنهام بنتالیبو تویژەر لە بنکەی بەرگری لە دیموکراتییەکان لە واشنتۆن گوتوویەتی؛ سزاکان نەک هەر تەنیا چوار کەرتی نا نەوتی گرنکی ئابووری ئێران دەگرێتەوە، بەڵکو ڕێگا بۆ گوشارخستنە سەر ئەو کەرتانەش خۆش دەکات کە حکوومەتی ئێران لێیانەوە داهاتی دەست دەکەوێت هەروەها جگە لەوەی (17) سزایان بەسەر گەورەترین کۆمپانیای دروستکردنی ئاسن و (3) کۆمپانیای دیکە سەپاندووە کە بنکەکەیان لە دوورگەی سیشلە و لەگەڵ ئەو پایتەختی گەورەی کەوا بەشداری لە گواستنەوە کەرستەو کەل و پەل دەکات، لەمەش زیاتر لە تەرمپەوە بە فەرمانێکی سەرۆکایەتی دەستکراوە کراون سزا بەسەر هەر کەس و قەوارەو دامەزراوەیەک بسپێنن کە لە بواری بونیادنان و دروست کردن و ڕستن و چنین و کانزایی مامەڵە لەگەڵ ئێران دەکەن.وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە بەیاننامەیەکیدا ڕایگەیاند ڕژێمی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە سوود لە داهاتەکانی پیشەسازی کانزایی وەردەگرێت.هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەمەریکا سزای بەسەر کۆمپانیای بامشیلی بازرگانی سەپاند کە بنکەکەی لە بەکینە لەبەر ئەوەی کۆمپانیای ناوبراو هەڵساوبو بە گواستنەوەی (29) هەزار تەن لە مادەی ڕەق بۆ کۆمپانیایەکی ئێرانی کە ناوی لە لیستی تیرۆر پۆلێن کراوە. سزاکانی ئەمەریکا جگە لە کۆمپانیاکان ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە کاری فرۆشیاری بۆ ئێران دەکەن یا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کەل و پەلی خاو یا نیمچە دروستکراو بۆ ئێران دەهێنن، ئەگەر پەیوەندییان بە بواری وزە و یا هەر بوارێکی دیکەی ئابووری ئێرانەوە هەبێت ئەوەی ئەو بوارانە ڕاستەخۆ لەلایەن سوپای پاسدارانەوە سەرپەرشتی دەکرێت وەک دروستکردنی پاپۆڕ و دامەزراوەی ناوکیی ئێران و بەرنامە ڕۆکێتییەکانی.لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لیستێکی بە ناوی ئەو کانزایانە بڵاوکردۆتەوە کە سزاکان دەیانگرێتەوە، هەر کەس و دامەزراو و کۆمپانیایەکی بیانی بەو کانزانە مامەڵە لەگەڵ ئێران بکات، ئەوا ڕووبەڕووی سزای ئەمەریکا دەبێتەوە، لە لیستەکەدا ناوی (74) کانزای خاوو نیمچە دروستکراو هاتووە کە لە بواری دروستکردنی بۆمبی ناوکیی و ئامێرە یاریدەدەرەکانی بەکار دەهێنرێت وەک یۆرانیۆم و ڕادیۆم و پلاتینیۆم و کادیۆم و کوبالت و لیسیوم و زنگ و تەنگستیۆم و قەسدیر و ماگنسیۆم و کالسیۆم و ئەلەمنیۆم و مس و چەند کانزایەکی دیکە.لە فەرمانە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکادا هاتووە ئێران بەردەوامە لە گێڕانی ڕۆلێکی گەورەی پالپشتی لە تیرۆریستان لە جیهاندا، هەروەها ڕژێمی ئێران مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر سەربازو دیپلۆماتکارو هاوڵاتیانی ئەمەریکاو بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانی لەرێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازی و میلیشیا بریکارەکانی، فەرمانەکە جەخت لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ڕەفتارو هەوڵێکی ئێران بۆ تێکدانی سەقامگیری دەبێتەوەو هەرگیز ڕێگاشی پێ نادات ببێتە خاوەن چەکی ناوکیی.

دیپلۆماتکارو شیکەرەوان وادەبینن تا ئێستا هیچ ئاماژەیەک یا ئامادەباشییەک لە ئێران بەدەرنەکەوتووە لە ژێر کاریگەری سزا ئابووریيەکان لە ماوەیەکی کەمخایەندا ئامادەیی دەربخات هەڵسوکەوتەکانی گۆڕانی بەسەردا بێت. بەڵام پۆمپیۆ مینۆتچن جەخت لەوە دەکەنەوە ئەگەر ئێران لەسەر ڕەفتارەکانی ئێستای بەردەوام بێت ئەوە سزاکان نەک هەر بەردەوام دەبن بەڵکو زیاتریش دەکرێن. بنهام بنتالیبو پێشبینی دەکات ئەگەر بەشێوەیەکی خێرا گوشارەکانی سەر ئێران چڕتر بکرێن ئەوا لە ساڵی 2020 واتا ئەم ساڵ گۆڕانکارییەک ڕووەدات.بەڵام ڕیچارد نیفیۆی بەڕێوەبەری بنکەی سیاسەتەکانی وزەی جیهانی لە زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمریکی گوتوویەتی؛ لە دووبارە سەپاندنەوەی سزا بەسەر کەسایەتییەکانی ئێران، کە سزاکانی پێشتریش سزایان بەسەر سەپێنرابوو، دەردەکەوێت ئامانجەکانی ئیدارەی ئەمەریکا هێندە گەورە نەبن. پێچەوانەی ئەو، هاگار شیمالی تویژەری تایبەتمەند لە سزا ئابووریيەکان لە ئەنجوومەنی ئەتلەسی لە واشنتۆن پێی وایە؛ سزا نوێیەکان ئازاری گەورەی بەسەر ڕژێمی ئێرانەوە دەبێت، هانی دەدات بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە بەدەم داواکارییەکانی ئەمەریکاوە بچێت، بێ مەرجی پێشوەحت دووبارە بە دانوستاندن لەسەر ڕێککەوتنە ناوکییەکە لەگەڵ ئەمەریکا ڕازی بێت. کە تا ئێستا ئێران ئەو داوایەی ڕەتکردۆتەوە، داوا دەکات پێویستە ئەمەریکا سەرەتا سەرجەم سزا ئابووریيەکانی لەسەر لابەرێت.

ئاسەوارێکی وێرانکار

ئەگەر چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بەو زەرەرو زیانەنانە بخشێنینەوە کە لە ئاکامی سزا ئابووریيەکان بەر ئێران کەوتووە بەتایبەتی لە ڕووی بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەڵ و خۆراک بە ئاستێکی زۆر بەرز، ئاستی خراپی باری دارایی گەلانی ئێرانت بۆ دەردەکەوێت، کاتێک ئەمەریکاو ئەلمانیاو فەرەنساو بەریتانیا و ڕوسیا و چین لە ساڵی 2015لەگەڵ ئێران بە ڕێککەوتننامەی ناوکی گەیشتن و کۆت و بەندەکانی لەسەریان لاچوو، وەبەرهێنەرو کۆمپانیا بیانییەکان ڕوویان لە تاران کرد، ئاستی گەشەی کۆی بەرهەمی نێوخۆیی ئێران لە ساڵی 2015گەیشتبووە (1.3) کەچی هەر دوای ڕێککەوتننامەکە لە ساڵی 2016ئاستەکەی گەیشتە (13.3).بەڵام دوای بوونی دۆنالد تەرمپ بە سەرۆکی ئەمەریکا و کێشانەوەی تاکلایەنی لە ڕێککەوتننامەکەو سەپاندنی سزای گەورەی ئابووری بەسەر ئێران، ئێران سەرلەنوێ دەستی بە پاکشەی ئابووری کردو بەهای دراوەکەشی دابەزی، بە جۆرێ نرخی یەک دۆلاری ئەمریکی لە (35000) ریالەوە بۆ (133000) ریال بەرز بۆوە.

ئەگەرەکان سنووردارن

شیکەرەوان ئاماژە بەوە دەکەن سزاکانی پێشوو، تەنیا چەند ئەگەرێکیان لەبەردەم ئێران هێشتووتەوە، بەتایبەتیش کاتێ نرخی پێداویستییە سەرەکییەکان لە ساڵی 2019 ڕۆکێت ئاسا بەرز بوونەتەوە، نرخی یەک کیلۆ گۆشت لە لە (5.2) دۆلارەوە بۆ (7.7) دۆلار بەرز بۆوە، نرخی یەک لیتر بەنزین لە (0.3) دۆلارەوە بۆ ((0.5دۆلار بەرزبۆوە.هەر لەکاتی جێبەجێ کردنی هەڵمەتە گەورەکەی گوشاری ئەمەریکا ، نزیکەی (1000) کۆمپانیا و دامەزراوو کەسایەتی ئێرانی گرتۆتەوە. بەمەش وەک حەسەن روحانی سەرۆکی ئێران گوتەنی تاران لە (100) ملیار دۆلاری داهاتی نەوت و (100) ملیار دۆلاری دیکەی وەبەرهێنان بێ بەش کراو ئابووری ئێران بە ڕێژەی (10%) دابەزیوە، ئێران پەنای بۆ بودجەیەک بە ناوی (بودجەی بەرگری) بردووە بە پێی ئەو میزانییە زۆرترین پاڵپشتی حکوومەتی لاداوە، بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین بۆ یەکەمین جار دوای (40) ساڵ لە مێژووی ڕژێم نارەزایی و تووڕەیی لە (100) شاری ئێران بۆ ماوەیەی چەند هەفتەیەکی لێ کەوتووە، تا ئەو کاتەی ڕژێم بە زەبری هێز سەرکوتی کردن و چەند سەد کەسێکیشی لێیان کوژێت، بەڵام سەپاندنی سزا ئابووریيە نوێیە سەرانسەریيەکە مەترسی سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندان هێشتا لە ئارادایەو لەوانەیە ڕەوشەکە بە تەواوی بتەقێتەوە.



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1941:
لە جەنگی دووەمی جیهاندا هێزەکانی بەریتانیا تورقی لە دەستی هێزەکانی نازی ئەڵمانی دەرهێنا.



ساڵی 1979:
لە بەیروت ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیەوە و سەرکردەیەکی فەلەستینی کرایە ئامانج.



ساڵی 1997:
مادلین ئۆلبرایت وەک یەکەم ئافرەت بوو بە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا.



ساڵی 2006:
ئیڤۆ مۆرالیس وەک یەکەم کەسی سۆسیالیستی بوو بە سەرۆکی پۆلیڤیا.



ساڵی 2014:
بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی سووریا ، کۆنگرەی ژنێف 2 لە سویسرا ساز کرا.



ساڵی 2016:
شەپۆلێکی سەرما و سۆڵەی توند چەند ناوچەیەکی ئاسیای گرتەوە و زیاتر لە 90 کەس گیانیان لەدەست دا.

تونس لەبەردەم راسپاردنی ئەلفەخاخ بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی ئیئتیلافی و هەڵبژاردنی پێشوەختەدا



ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆر

سەرۆکایەتی دەوڵەتی تونس لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد، قەیس سەعید سەرۆکی تونس، ئیلیاس ئەلفەخاخی وەزیری دارایی پێشووتری راسپاردووە بۆ ئەوەی حکوومەتێکی ئیئتیلافی تازە پێک بهێنێت،ئەمەرش دوای ئەوەی پەرلەمانی ئەو وڵاتە کاندیدێکی دیکەی بۆ سەرۆکایەتی وەزیرانی تونس رەتکردەوە، ئەلفەخاخ ماوەی یەک مانگی لە پێشە بۆ ئەوەی حکوومەتێکی ئیئتیلافی پێکبهێنێت کە لە توانای دابێت متمانەی پەرلەمان بەدەست بێنێت، بە پێچەوانەوە، هەڵبژاردنێکی دیکە ئەنجام دەدرێت، لەکاتێکدا تونس پێویستی بە بڕیاری ئابووری زۆر بە پەلە هەیە.

ئەلفەخاخ تەمەنی 48 ساڵە بە هۆی شارەزایی لە بواری ئابووریەوە کاندید کراوە بۆ پێکهێنانی حکوومەت ، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی تونس دووچاری دابەزینی ئاستی گەشەکردنی کەرتی گشتی بووەتەوە و قەرزێکی زۆری بەسەردا کەڵەکە بووە لەدوای بەهاری عەرەبی ساڵی 2011 کە دیموکراتیەتی بۆ تونس هێنا.

ئەلفەخاخ پێشتر لە کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی بۆ وزە کاری کردووە، هەروەها پۆستی وەزیری دارایی پێ سپێردراوە لە کابینە حکومیەکانی پێشووتری تونس .

ساڵی 2016 حکوومەتەکەی ئەلیوسف هەوڵیدا رێژەی خەرجییەکان کەم کاتەوە لە کاتێکدا دوو هێرشی گەورەی ئیسلامیە توندڕۆکان رووبدا کە بوونە هۆی کەمبوونەوەی رێژەی هاتنی گەشتیاران بۆ تونس، بەمەش کەرتی گەشتیاری بەتەواوەی پەکی کەوت . بەڵام ئەو حکوومەتە وەکو حکوومەتی کاربەڕێکار لەسەر دەسەڵاتە لەوەتەی هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی رابردووەوە، ئەوکات هیچ حزبێک نەیتوانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێت ئەوەبوو حزبی نەهزەی ئیسلامی توانی تەنیا چواریەکی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست بێنێت.

حزبێ نەهزە لە مانگی تشرینی دووەم حەبیب ئەلجەمەلی کاندیدکرد بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران ، بەڵام ئەلجەمەلی نەیتوانی متمانەی زۆرینە لە نێو پەرلەمانی تونس بەدەست بێنێت. دواتر قەیس سەعید هەڵبژێردرا بە سەرۆکی تونس ئەویش مافی ئەوەی هەیە کەسێک راسپێرێت بۆ سەرۆکوەزیرانی تونس و پێکهێنانی حکوومەتێکی تازە بۆ ئەو وڵاتە .بە پێی دەستوری تونس دەسەڵات لە نێوان سەرۆکی وڵات و سەرۆک وەزیران دابەش دەبێت، ئەوەش لە ساڵانی برادوو ململانێی دوور درێژی لە نێوان هەردوو دامودەزگەی دەسەڵات دروستکردووە.

جێی زانینە ، ئیلیاس ئەلفەخاخ بڕوانامەی ئەندازیاری بەدەستهێناوە لە قوتابخانەی نیشتمانی ئەندازیاران لە شاری سەفاقس، هەروەها بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە لە قوتابخانەی ئای ئێن ئیس ئەی لە بلیژن، هاوکات ماستەری بەدەستهێناوە لە کارگێڕی کاری لە زانکۆی ئیسۆن لە پاریس .

هەریەک لە حزبەکانی رەوتی دیموکراتی کە خاوەنی 22 کورسیە و حزبی تەحیا تونس کە خاوەنی 14کورسیە بە تۆندی پاڵپشتیی لە کاندیدکردنی ئەلفەخاخ دەکەن . لە بەرانبەردا سەرکردەکانی حزبی "قەلب تونس" کە خاوەنی 38 کورسیە رایانگەیاندووە بە تەواوەتی ئەلفەخاخ رەتدەکەنەوە. بەڵام بزوتنەوەی کە ئەلنەهزە کە خاوەنی 54 کورسییە هیچ دووەر پەڕێزییەکی بەرانبەر کاندیدکردنی ئەلفەخاخ نیشان نەداوە .

بە پێی راپۆرتی چاودێران ، کاندیدکردنی ئەلفەخاخ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە ناوبراو گرنگی بە کاروباری ئابووری دەدات بە تایبەتیش لە بەر ئەوەی لە دە ساڵی رابردوودا تونس دووچاری ڕێژە گەشەسەندنی دابەزیوە و ئاستی قەرزە گشتییەکانی بەرز بووەتەوە ، خزمەتگوزارییەکانی لە تونس پاشەکشەی کردووە.

ئەلفەخاخ لەدایکبوی ساڵی 1972 شاری سەفاقسە کە دەکەوێتە باشووری تونس، پێشتریش لەلایەن حزبی تەکەتولی دیموکراتی و حوریات کاندیدکراوە بۆ سەرۆکایەتی ، کە پێش 9 ساڵ بووەتە ئەندامی ئەو حزبە و هەر ئەو کاتیش هاتووەتە نێو جیهانی سیاسەت.دواتر لە ساڵی 2017 بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراوە. هاوکات لەگەڵ ڕێبازە سیاسیەکەی پێشتر پۆستی وەزیری گەشتوگوزار، دواتریش دارایی لە هەردوو حکوومەتەکانی حەمادی جبالی و عەلی عریز پێ سپێرداوە لە ساڵی 2013.

ئەلفەخاخ سەرۆکایەتی چەند کۆمپانیایەکی جیهانی بەڕێوە بردووە دواتر بووەتە خاوەنی کۆمپانیای خۆی لە ساڵی 2014 کە تایبەت بووە بە بونیادنانەوەی ژێرخان ، هەروەها بۆ ماوەی دە ساڵ لە کۆمپانیای تۆتاڵ بۆ وزە لە فەرەنسا و کۆمپانیای ئۆتۆمبیل کاریکردووە.سەرباری هەموو ئەوانە ئەلفەخاخ خۆی دوورگرتووە لە بەرچاوان ، تاکو لە کۆتایی ساڵی رابردوو هاتەوە گۆڕەپانەکە و خۆی کاندید کرد بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی توانی پاڵپشتی بزوتنەوەی ئەلنەهزە بەدەست بێنێت، بەڵام نەیتوانی پاڵپشتی کوتلەکانی ئەلنیداء ئەلحورە بۆ پرۆژەی تونس و بەرەی میللی بەدەست بێنێت، هەر چەندە داوای پاڵپشتیکردنیشی لێکردبوون. جێی باسە ئەو راسپاردنەی سەرۆکی تونس بۆ ئیلیاس ئەلفەخاخ دوای راوێژکاری لەگەڵ حزب و کوتلە و ئیئتیلافەکانی نێو پەرلەمانی تونس هات ، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئابووری تونس ناوبراو گونجاوترین کەسە لەو قۆناغە بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی حکوومەتی ئەو دەوڵەتە بەرێوە ببات.



بەریتانیا یاسایەکی نوێ دەردەکات

ئا:ل.کاروباری نێودەوڵەتی

حکوومەتی بەریتانیا رایگەیاند کە بەنیازە بەم نزیکانە پرۆژە یاسایەک ئاراستەی پەرلەمانی وڵاتەکەی بکات کە تایبەتە بە توندکردنی ئەو سزایانەی بەسەر ئەنجامدەرانی کردەوە تیرۆرستیەکان دەسەپێنرێن. ئەمەش دوای دوای ئەو کردەوە تیرۆرستیەی کە لە مانگی نۆڤەمبەری رابردوو لەسەر پردی لەندەن رووبدا و کەسێک بە چەقۆ هێرشی کرده سەر ژمارەیەک خەڵک و دوو کەسی کوشت ، دواتر کەسی هێرشبەر بەر لە تەواوبوونی ماوەی بەندکردن ئازاد کرا. چاوەڕێش دەکرێ ئەم پرۆژە یاسایە بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران ڕەزامەندی لەبارەوە وەربگیرێ. لەو بارەوە ، وەزیری ناوخۆی بەریتانیا وتی: پرۆژە یاسا تازەکە تیرۆرستان ناچار دەکات ئەو سزایانە بە تەواوی جێبەجێ بکەن کە بەسەریاندا دەسەپێنرێ ، ئەوانەش کە بە ئەنجامدانی تۆمەتی مەترسیدار تۆمەتبار دەکرێن دەبێ لانی کەم 14ساڵ لە بەندیخانەدا بمێننەوە.

لە لایەکی دیکە، وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بەنیازە بڕی بودجەی تەرخانکراو بۆ بنبڕکردنی تیرۆر لە ساڵی 2020 - 2021 بۆ 906 ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی (1.06ملیار یۆرۆ) بەرز بکاتەوە ، واتە 100 ملیۆن یۆرۆ زیاتر لە بودجەی ساڵی رابردوو. هەروەها حکومەت بڕیاری داوە نیو ملیۆن جەنەیهی ئستەرلینی (586 هەزار یۆرۆ) بۆ ئەو یەکەیە تەرخان بکات کە بەرپرسە لە یارمەتیدانی قوربانیانی دەستدرێژیی و هێرشەکان.

بە گوێرەی زانیاریەکان، ئەم یاسا تازەیە بایەخێکی زۆر بە هەوڵدان بۆ دووبارە ئەنجام نەدانەوەی تاوان لەلایەن تاوانبارانی پێشوو دەدات ، بۆ ئەو مەبەستە کار بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەو ئەفسەرانە دەدرێ کە بەرپرسن لە چاودێریکردنی ئازادکراوە بە مەرجەکان ، ئەمەش وەک هەنگاوێک بۆ ئەوەی دەسەڵات بتوانی لە نزیکەوە چاودێری تیرۆرستان بکات.وەزیری بەرگری بەریتانیا لەو بارەوە وتی: هێرشەکەی مانگی نۆڤەمبەری رابردوو ئێمەی خستە قۆناغی روبەڕووبوونەوەیەکی تاڵ سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆرستان.

مانشێت



سکای نیوز:
کۆریای باشوور رایگەیاند کە بە مەبەستی پاراستنی سەلامەتی کەشتیوانی، هێزێکی سەربازی ڕەوانەی تەنگەبەری هورمز دەکات.



ئیلاف:
چەند گرووپێکی ئۆپۆزسیۆن لە کوبا داوای هەموارکردنەوەی دەستووری وڵات و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی و ئازادیان کرد.



ئەی ئێف پی:
دادگایەکی ئەڵمانی بڕیاری دادگاییکردنی وەرگێڕێکی پێشووی سوپای ئەڵمانیای دا ،ئەو کەسە بە ڕەگەز ئەفغانیە و سیخوڕی بۆ ئێران کردووە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بە تۆمەتی دارشتنی پلان بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆرستی ، پۆلیسی فەرەنسا 7 کەسی دەستگیر کرد.



فرانس 24:
حکوومەتی هیندۆراس بڕیاری دا حزبوڵای لوبنانی بخاتە ناو لیستی ڕێکخراو و لایەنە تیرۆرستیەکان.



کەنالی ئار تی:
ئەمەریکا فڕۆکەیەکی بۆمبهاوێژی ستراتیژی دیکەی لە جۆری بی 52 ڕەوانەی دوورگەی دییگۆ گارسیا کرد لە ئۆقیانووسی هیندی.

بەپێی پلانی دەستەی گەشتوگوزار 4 ملیۆن گەشتیار بۆ ساڵی 2020 دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان



لە ڕێورەسمێکی تایبەت دەستەی گەشتوگوزار پلانی گەشتوگوزاری بۆ ساڵی 2020 بەکۆمەڵێک چالاکی و پرۆژە ڕاگەیاند. بە ئامادەبوونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی دەستەی ژینگە و ڕاوێژکاری جێگری سەرۆکی حکومەت و بڕیکاری وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و ڕاوێژکار و ژمارەیەک بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار و جێگری پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی شارەوانی هەولێر و بەڕێوەبەرانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و قایمقامی هەولێر و ژمارەیەک ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندار بە گەشتوگوزار و ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ و بەڕێوەبەرانی گەشتوگوزار لە شارەکان و لە دیوانی دەستە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پلانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و شوێنەوار بۆ ساڵی 2020 ڕاگەیاندرا.

سەرەتا سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار لە ڕێورەسمەکەدا لە ڕێگای پاوەرپۆینتێک باسی لە چۆنیەتی پلانەکەی دەستەی گەشتوگوزار کرد و ژمارەیەک داتاو زانیاری خستەڕوو کە بەم شێوەیە بوو: ستراتژیەتی پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە 6تەوەر و 23ئامانج 69چالاکی (تاکتیک) لە خشتەیەک خرایەڕوو. لە خشتەیەکی تردا ئاماژە بە 43پرۆژە درا کە دراوەتە دەستەی وبەرهێنان بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی و خستنەبەر دەستی سەرمایەداران بۆ وەبەرهێنان لێکردنیان. لە خشتەیەکی تردا چەند ئامانجێکی ستراتیژی دەستەی گەشتوگوزار بە ژمارە ئاشکرا کرا، یەکێک لە ئامانجەکان بەرزکردنەوەی ژمارەی گەشتیاران بوو بۆ ساڵی 2020لە 3ملیۆن و 700 هەزار گەشتیار بەرزبکاتەوە بۆ 4ملیۆن گەشتیار. لە هەمان کات رسوماتی گەشتیاری لە 3ملیارو 940ملیۆن دینار بەرز بکاتەوە بۆ 4ملیار و 500 ملیۆن دینار. هەروەها رازیبوونی کڕیار لە 70%بۆ 75%بەرز بکاتەوە و ژمارەی چالاکی جۆراوجۆر لە 48بۆ 55بەرز بکاتەوە و پرۆژە خزمەتگوزاریەکانیش لە 30پرۆژە بۆ 56پرۆژە بەرز بکاتەوە. پرۆژەکانی ماستەر پلانیش لە 3پرۆژە بۆ 7پرۆژە بەرز بکرێتەوە. ئاماژە بەوەش درا کە ساڵی 2019لە 78%پلانی دەستەی گەشتوگوزار جێبەجێ کراوە. لە خشتەیەکی دەستەی وبەرهێنانی هەرێمی کوردستانیش ئاماژە بەوە درا کە لە ساڵی 2019لە کۆی وبەرهێنانی هەرێم 36%بەر کەرتی گەشتوگوزار کەوتووە و گەیشتۆتە یەک ملیار دۆلار کە بەرزترین ئاستە بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو. لە کۆتایی بەشی یەکەمی ڕێورەسمەکەدا ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕاگەیاند کە پشتگیری تەواو پلانەکان و پلانی ستراتیژی گەشتوگوزار و شوێنەوار دەکات و بابەتەکان دەگەیەنێتە ئەنجوومەنی وەزیران بەمەبەستی زیاتر پالپشتیکردنی پەرەپێدانی گەشتوگوزار و شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان.

دواتر لە درێژەی بەشی یەکەمی ڕێورەسمەکەدا 6پلانی جۆراوجۆری تر لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی گەشتوگوزار ڕاگەیەندرا کە بەم شێوەیە بوو: پلانی شوێنەوار، بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوار باسی لە پلانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان کرد بە مەبەستی پەرەپێدانی زیاتر بە کەرتی شوێنەواری هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020، لە سێ تەوەر کۆمەڵێک چالاکی خرایەروو: _1دۆزینەوە و پاراستنی شوێنی شوێنەواری و کەلەپوری و پەرەپێدانی مۆزەخانەکان. _2دانانی یاسای شوێنەوار و هەموارکردنەوەی و دەرکردنی ڕێنمایی. 3- ناساندن و بە بازاڕکردنی شوێنەکانی شوێنەواری).



دواتر پلانی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی گەشتوگوزار وەک بابەتی دووەم پێشکەش کرا، لە پلانەکەدا ئاماژە بەوە درا کە لە هەرێمی کوردستان ساڵانە زیاتر لە 490دەرچووی گەشتوگوزار لە 5بەشی گەشتیاری لە کۆلێژەکان و 5پەیمانگە و 4 ئامادەی گەشتیاری هەیە و لە ماوەی 3 ساڵ 1700دەرچوو ئامادە دەبێت، لە هەمانکات 2920بنکەی گەشتیاری هەیە، هەوڵدەدرێ لە ڕێگای دارشتنی ڕێنمای و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان لایەنە پەیوەندارەکان دەرچووان کاریان بۆ لە بنکەکانی گەشتیاری لە کەرتی تایبەت بدۆزرێتەوە. لە پلانی دۆزینەوەی هەلی کار 4ئامانج خرایە ڕوو: (بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی خزمەتگوزاری بنکەکانی گەشتیاری. ئامادەکردنی کادیری گەشتیاری بە توانا. سوود وەرگرتن لە دەرچوانی پەرەپێدانی زیاتری کەرتی گەشتیاری کردەوە، لە خولەکەدا زنجیرەیەک سیمینار و وۆرکشۆپی زانستی لەلایەن ڕاهێنەرانی ناوخۆی و دەرەکیەوە لە ماوەی 5 ڕۆژدا پێشکەش دەکرێن. هاوکات لە درێژەی بەڕێوەچوونی خولەکەدا، هەردوو سەرۆکی کۆمەڵەکانی کۆمپانیا و نووسینگە گەشتیارییەکان و چێشتخانە و میوانخانەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەبوون، هەروەک بڕیارِ درا مانگانە خولی هاوشێوە و تایبەت بە گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار بکرێتەوە، لە هەمانکاتدا بڕوانامەی باوەڕ پێکراو دەبەخشرێتە بەشداربووان، کە ژمارەیان 28 بەشداربووە.

ستراتیژیەتی پەرەپێدانی گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان

ز	تەوەرە ستراتیژییەکانی پەرەپێدانی کەرتی گەشت و گوزار	ژمارەی ئامانجەکان (Objectives)	ژمارەی چالاکییەکان (Tactics)
1	پالپشتی کەرتی تایبەت و پەرەپێدانی بەرهەمی گەشتیاری	6	17
2	باشترکردن و ڕێکخستنی یاسا و ڕێنماییەکان و کاروباری مولکداری	2	6
3	پەرەپێدانی بواری کارگێڕی و دارایی	3	7
4	بەهێزکردنی ڕاگەیاندن و بەبازاڕکردنی گەشتیاری	5	16
5	ڕێکخستن و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان	3	11
6	باشترکردنی کوالیتی خزمەتگوزاری	4	12

گەشتی سەرکێشی زستانەی فیدراسیۆنی شاخەوانی کوردستان سازدەکرێت



لە چوارچێوەی چالاکییە شاخەوانی و سەرکێشیەکانی فیدراسیۆنی شاخەوانی کوردستان، گەشتی سەرانسەری زستانەی 2020ی شاخەوانانی کوردستان بۆ چیای هەڵگورد ڕاگەیاند. بۆ ئەم مەبەستە و بەشداربێکردنی سەرجەم شاخەوانەکان، فیدراسیۆنی شاخەوانی کوردستان بانگهێشتی هەموو گرووپەکانی شاخەوانی لە کوردستان بەبێ جیاوازی دەکات و داوای گردبوونەوەی وەرزی زستانە لە چیای هەڵگورد و مانەوەی شەو و سەرکەوتن بۆ سەر لوتکەی چیای هەڵگورد دەکات. سەرۆکی فیدراسیۆن ئەنوەر عەلی بە خەباتی ڕاگەیاند ئەگەر کەشەکە لە بار بێت، لە ڕۆژانی 13،14 2020/2/15 وەک هەموو ساڵێک بە بەشداری ژمارەیەک گروپ گەشتەکەمان ئەنجام دەدەین. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی کردن ئارەزوومەندان و گرووپەکان دەتوانن لە ڕێگای ئەم ژمارانەی خوارەوە پەیوەندی بە ناوەندەکانی فیدراسیۆن لە سەرانسەری کوردستان بکەن: (ناوەندی سلێمانی: 07708088101، ناوەندی هەولێر: 07504204041، ناوەندی دهۆک: 07504552809، ناوەندی کەرکووک: 07501166112) .دوایین مۆڵەت بۆ تۆمارکردنی گرووپەکان 2020/2/6 هەر گرووپێک دەبێت تیمێکی هەڵبژاردە پێشکەش بکات کە لە ڕووی جەستەیی و کەلوپەل ئامادەکاری تەواوی گەشتێکی زستانەیان هەبێت.

ڕاهێنانی زانستی بۆ کۆمپانیا و نووسینگەکانی گەشتیاری ئەنجام دەدرێت



بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی، سەنتەری ئەزمەڕ کە یەکەمین ناوەندی ڕاهێنانی کردنەوەی خولە جیاوازەکانی بواری فڕۆکەوانییە لەسەر ئاستی عیراق و هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی کۆمەڵەی کۆمپانیاکان لقی سلیمانی لە کارگۆی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، یەکەم خولی بواری

www.xebat.net
چوار شەممە 2020/1/22 ژمارە (5916)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەڵ لەنێوان عەدنان درجال و سەرجەم ئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامانی یەکێتیەکە لەیەکێتی تۆپی پێی عێراق، لەئەنجامدا بەپێی رێکەوتنی هەردوولا سەرجەم ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەستلەکاربکشێننەوە، بەڵام تائێستا کێشەکان روون نین کەبارودۆخەکە بەکۆێ گەیشتووە، بۆ ئەم مەبەستە سایتی کووردی عەرەبی وەرزشی دیمانەیەکی وەرزشی لەگەڵ بەڕێز عەدولخالّق مەسعود سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق سازداوەو لاپەڕەی خەبات بەکورتی هەندێک لەدیمانەکەی بۆ خوێنەران بلاودەکاتەوە:

عەبدولخالّق مەسعود: نیازی خۆ پاڵاوتنم بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی یەکێتی تۆپی پێی عێراق نییە و لەمەودوا لەگەڵ خانەوادەکەم ژیان بەسەر دەبەم

*** کێ پاڵەپەستۆی لەئێوە کرد کەدەستلەکار بکشێننەوە؟**

-نەخێر، پێداگری لەسەر تۆپی پێی عێراق وایکرد کەبەکۆمەڵ دەستلەکاربکشێنینەوە، ناماموەێ تۆپی پێی عێراق لەبارودۆخێکی سەخت تێپەڕیت، لەهەموشیان گرینگتر دەرهێنانی سەباح رەزاو ستار زوێر لەبەندیخانە لەسەرووی هەموو شتێکە بۆ ئێمەی ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق.

*** لەوبروایەدای هەمووان پایەندی ئەو رێکەوتنە دەبن؟**

- ئەنجومەنی کارگێری یەکێتی پابەند دەبێت بەرێکەتنەکە، هیچ تۆندوتیژیەک نەبوو لەنێوانمان بۆ نەهێشتنی کێشەو گرفتەکان، لەسەر عەدنان درجال پێویستە لەدادگای عێراقی لەهەموو سکالاکان بکشێتەوە ،چاوەڕێی لێبوردەیی سەرۆکایەتین دەرحەق بەوکەسانەی کەلەڕابردوو سەرکۆنەیان کردوون.

*** راستە ئێوە دان پیانانتان ناوە بساختەکاری رێکخستنی نێوخۆیی ؟**

-نەخێر، من هیچ واژووەکەم تایبەت بەرێکخستنی نێوخۆی نەبووە، ئامادەم بچمە بەردەم دادگا ڕووبەڕوویان ببمەوە، ماوەی یەک ساڵە داوای دەستلەکارکێشانەوەم کردووە، هەروەها دانیشتنم لەگەڵ عەدنان درجال کردووە و ئەم داوایەم بەئەویش ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەمڕو بەهەمووان بەرژەوەندی گشتیمان هەڵبژارد لە هەمو ڕەچاوگرتنەکان تادەستلەکاربکشێنینەوە.

*** ئایا بەنیاز نین خۆتان بهاڵوێرن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو؟**

- سەبارەت بەخۆم بەهیچ شێوەیەک نیازی خۆ پاڵاوتنم بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی یەکێتی تۆپی پێی عێراق نییە ،دەمەوێت لەمەودوا لەگەڵ خانەوادەکەم ژیان بەسەر ببەم و بۆ ئەوان بم، بەڵام هەموو ئەندامەکانی دیکەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەتوانن خۆیان بهاڵوێرن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.



بێل لەبەر مووچە زەبەلاحەکەی هەر لە سانتیاگۆ دەمێنێتەوە

گارێس بێل بەرپرسانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئاگادار کردۆتەوە کە تا کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەی هەر لە ریال مەدرید کەکێنێتەوە.

بەگوێرەی هەواڵێکی رۆژنامەی میرۆر، بێلی تەمەن 30 ساڵ پەلەی نییە لە رۆیشتنی لە سانتیاگۆ بیرنابێ، بەتایبەتیش لەبەر ئەو مووچە زەبەلاحەی وەریدەگرێت کە زیاترە لە 600 جونەیهی ئیستەرلینی لە هەفتەیەکدا.

هەرلەبەر ئەمەش ئەو داوایەی مانشستەر یونایتدی ڕەتکردەوە کە ریال مەدرید جێبهێڵێت و پێی ڕاگەیاندن کە تا ساڵی 2022 هەر لەوێ دەمێنێتەوە و هیچ دەرفەتێکی بۆ نەهێشتنەوە.

مان یونایتد جێگرەوەی راشفۆردی دیاریکرد



هەواڵی ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان بڵاویان کردەوە کە یانەی مانچستەر یونایتد جێگرەوەی راشفۆردی دیاریکردووە کە ئەویش موسا دێمبلی یاریزانی یانەی لیۆنی فەرەنسیە.

موسای تەمەن 23 ساڵ یەکێکە لە دیارترین هێرشبەری ئەم وەرزەی خولی فەرەنسایە و لە 29یاریدا توانیویەتی 15گۆڵ بۆ لیۆن تۆماربکات، یانەی مان یونایتد لەنزیکەوە چاودێری ئەو یاریزانە دەکاتن و پێی وایە باشترین جێگرەوە دەبێت بۆ شوێنی دێمبلی کە بەهۆی پێکانەوە لە یانەکەی دابڕاوە.

نایمار لەرێگای گرووپ چاتەوە پرسیاری راهێنەرە تازەکە لە یاریزانانی بەرشلۆنە دەکات

یاریزانانی بەرشلۆنە: بە سیستمی کارکردنی سیتێن بەختەوەرین و وەک سەرەتایەکیش لێی رازین



هاوار مورتکەیی

نایمار داسیلڤای یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی لە رێگەی چاتی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە لەگەل هاوڕێکانی لە یانەی بەرشلۆنە گفتوگۆ دەکات و پرسیاری راهێنەری تازەیان لێدەکات و حەزەکات رای ئەوان بزانێت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا نایمار پرسیاری ئەوەی لە یاریزانانی بەرشلۆنە کردووە کە رایان چییە لەبارەی دەرکردنی ڤالڤێردی و هینانی کیکی سیتێن، یاریزانانی بەرشلۆنە بوونەتە دوو بەش لە بارەی ئەوشێوازەی بەرشلۆنە پەیڕەوی کرد لە دەستبەرداری ڤالڤێردی و بەپێی زانیارییەکانیش یاریزانانی بەرشلۆنە تا ئێستا لەو راهێنەرە تازەیە رازین.

بەپێی ئەو زانیارییانەش، یاریزانانی بەرشلۆنە بە سیستمی کارکردنی ئەو راهێنەرە تەمەن 61 ساڵە بەختەوەرن، لەلایەکی دیکەشەوە پێیان وایە کە ئەو راهێنەرە خاوەن کەسایەتییەکە و ریزی بەرامبەر دەگرێت بەبێ جیاوازی.

جێی باسە ئەگەری زۆری هەیە ئەو راهێنەرە تازەیەی یانەی بەرشلۆنە لەناو کامپ نوو سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەتایبەتیش لەوەی بەوە ناسراوە کە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە و حساب بۆ رای بەرامبەر دەکات و گوێ لەهەموان دەگرێت و بیرۆکەکەیان بەهەند هەڵدەگرێت.



خلیسکێنە بە گالیسکە لەسەر رووی دەریاچەی چڵدر

دەریاچەی چڵدر کە دووەم گەورەترین دەریاچەیە لە رۆژهەلاتی ئانادۆلّو و بەهۆی بەستنی سەرڕووی ئاوەکەی گەشتیاران رووی تێدەکەن و گالیسکەی خلیسکێنەی تیادا بەکاردەهێنن.

دەریاچەی چڵدر کە دووەم گەورەترین دەریاچەیە لە رۆژهەلاتی ئانادۆلّو و بەهۆی سەرماوسۆلّەوە بەستوویەتی، بووەتە شوێنی بەکارهێنانی گالیسکەی خلیسکێنە و هاوولاتیبیان بە کەیف خۆشیەوە رووی تێدەکەن.

دەریاچەکە کە دەکەوێتە نێوان پارێزگاکانی قەرس-ئەردەخان، لەگەڵ بەستنی سەر رووی ئاوەکەی کە نزیکەی 40 سانتیمەتر لە ئاوەکەی بەستوویەتی، گەشتیارانی ناوخۆی و بیانی رووی تێدەکەن و بە گالیسکەی خلیسکێنە بەسەر دەریاچەکەدا گەشت دەکەن و کاتی خۆش بەسەر دەبەن.

هاوولاتیبیان بەهۆی رۆژانی کۆتایی هەفتە و پشووی نیوەی ساڵەوە بە لێشاو روو لە دەریاچەی چڵدر دەکەن و کاتەکانیان بەوپڕی خۆشی بەسەر دەبەن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed.22. Jan. 2020 No: (5916)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خانمێکی لوبنانی، نوێترین گۆرانی بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردەوە



هەمزە سەرحان

لەیال عەبود نوێترین بەرهەمی لە چەنالی یوتیوبی هەلکەوت زاهیر بڵاوکردەوە، بە ناوی ئاستاذ الغزل، کە بە زمانی کوردی، عەرەبی گۆرانی دەڵێت.ئاستاذ الغزل، لە تێکستی دیار کرکری و دەرباز یونسە، ئاوازی گۆرانییەکە لەلایەن هەلکەوت زاهیرەوە دانراوە، کاری ئەرێنجمێنتی لەلایەن هێمن حوسێن و یەحیا موجی بۆ کراوە. لەیال مونیر عەبود لەدایکبووی ساڵی 1982ی لوبنانە، لە بواری پۆپ و فۆلکلۆری گۆرانی دەڵێت، یەکەمین دەرکەوتنی لە بواری هونەری لەساڵی 2007 بوو. لەیال عەبود ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و جیابوەتەوە، خاوەنی منداڵێکە.



"بەیەک ناگەین" نوێترین بەرهەمی هونەرمەند بڵند عەبدوڵڵایە

هونەرمەند و گۆرانیبێژ بڵند عەبدوڵا، لە 20ی مانگی داهاتو نوێترین بەرهەمی بە ناوی بەیەک ناگەین بڵاودەکاتەوە.بڵند عەبدوڵا، لە لاپەڕەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام رایگەیاند، بەیەک ناگەین، نوێترین بەرهەمی دەبێت، کە لە تێکستی سەرکەوت ڕەسوڵە، لەلایەن ئۆری میدیا کاری بەرهەمهێنانی بۆ ئەنجام دەدرێت، بریارە لە 20ی فێبریوەری بڵاوببکاتەوە.هونەرمەند بڵند عەبدوڵا لە ساڵی 1978لەدایک بووە، دەرچوی کۆلێژی دەرمانسازییە، لە ساڵی 1991لەگەڵ خانەوادەکەی چوتە ولاتی سوید، خاوەنی چەندین کلیپ و گۆرانییە.

بەرەو پێشچونی هونەری شێوەکاری پەیوەندی بە پەروەردەی هونەرەوە هەیە

ئەیوب ڕەئوف: هیچ کات کاری هونەری نەیتوانیوە بژێوی هونەرمەند دابین بکات





دیدار:بەرهەم شێخ عزەدین

ئەیوب ڕەئوف مەحمود ساڵی 2007 پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی 2009 بەشدار بووە لە پێشبڕکێی شێوەکاری ڕێکخراوی ئازادی لاوان لەسەر ئاستی کوردستان پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، ساڵی 2012 یەکەمین پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی، ساڵی 2017 خەڵاتی ڕێزلێنانی لە لایەن سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانەوە پێ بەخشراوە، ساڵی 2018 کۆڵێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە، ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە، لە دامەزرێنەرانی گرووپی هونەری (سولی ئۆن) ە، بەشداری زیاتر لە 30پێشانگای هاوبەش کردووە لە شارەکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، سنە، ئامەد، تاران، بەغدا، بەسرە) ،سەپەرشتیاری زیاتر لە 6 پێشانگای گەنجان بووە ،ئێستا مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییەو ڕاهێنەری شێوەکارییە لە سەنتەری چالاکی گەنجانی سلێمانی). لەم دیمانەیە شرۆڤەی پرسیارەکانی خەباتی بەم شێوەیەکرد:

بۆچی بەشی شێوەکاری وەک دەرچونیان بەردەوام نابن لەسەر هونەری شێوەکاری؟

هۆکار زۆرن، بەڵام گرنگترینیان لایەنی ماددییە کە بەداخەوە لێرە هیچ کات کاری هونەری نەیتوانیوە بژێوی هونەرمەند دابین بکات بۆیە دەرچووانی ئەم بەشە بە ناچاری بۆ دریژەدان بە ژیانیان بەردەوام نابن کارێک هەڵدەبژێرن کە بژێوی ژیانیان دابین بکات.

چی شتێک ئاوێتەی ڕەنگ دەکەیت بتڕازاندنەوەی تابلۆکانت؟

من بڕوام بە ڕازاندنەوە نییە لە تابلۆدا پێمخۆشە هونەر جیابکەینەوە لە بابەتی ڕازاندنەوە چونکە ئامانجی هونەرمەند ئەوەندەی دەربڕین و بەتاڵبوونەوەیە ئەوەندە خولقاندنی جوانیی و ڕازاندنەوە نییە من ڕەنگ بەکار ناهێنم بۆ ڕازاندنەوەی تابلۆکانم بەڵکو لە ڕێگەی ڕەنگەوە هەستەکانی ناوەوەم دردەبڕم؟

ئەوتابلۆیانەی شانازی پێوەدەکەیت چین و بۆ کێت کێشاون؟

شانازی بە هەموو کارە هونەریەکانمەوە دەکەم، هەر هێڵکارییەک یاخود دانانی هەر لەمسەیەکی ڕەنگ لەسەر تابلۆکانم بە جۆرێک لە جۆرەکان گوزارشتن لە ساتێک لە ساتەکانی ژیانی من بۆیە شانازی بە هەموویانەوە دەکەم .

بۆ لە کوردستان هونەری شێوەکاری بەرەوپێش ناچێت؟

بەرەوپێشچونی هونەری شێوەکاری پەیوەندی بە پەروەردەی هونەرەوە هەیە لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەکاندا، ئەگەر بێتو لەو قۆناغەدا گرنگی بە وانەی هونەر بدرێت لە دوایدا تاکێک دروست دەبێت کە هونەری خۆشبوویت بەمەش بنەڕەتی کاری هونەری زۆر دەبێت تابلۆی هونەری گرنگ سەیر دەکرێت و ئەو وەعیە لای تاک دروست دەبێت کە تابلۆی هونەری لە مالەکەیدا هەڵبواسێت، بەم جۆرە حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان زیاتر گرنگی بە هونەر دەدەن ، گەلەری و مۆزەخانەکان زیاترو کوالێتی تر دەبن.

پێشمەرگەو شەهید لەکوێی تابلۆکانی تۆدا جێی بۆتەوە؟

تابلۆکانی من سەر بە ڕێبازی (ئەبستراکت)ن ئەم شێوازە کارکردنەش گوزارشت لە هیچ بابەتێکی دیاری کراو ناکات زیاتر دانانی ڕەنگ و هێڵ و تەکنیک و بەتاڵبونەوە و دەربڕینی هەستێکە کە ناکرێت بە قسە، بۆیە ناتوانم بڵێم لە ناو تابلۆکانمدا پێشمەرگە یاخود کوردستان یاخود باباتی سۆزداری هەیە هاوڵاتیان تاچەند تابلۆی خۆمالّی واتا بەرهەمی هونەرمەندانی خۆمان دەکڕن. **کڕینی تابلۆ تاچەند هۆکاردەبێت بۆبەرەوپێشچونی هونەری شێوەکاری؟**

بەداخەوە تا ئێستا ئەوە دروست نەبووە کە بەشێوەیەکی گشتی هاوڵاتی تابلۆی هونەرمەندانی خۆمالّی بکڕێت، بە دڵنیاییەوە کڕینی کاری هونەرمەندانی کورد بە کلتوورکردنی ئەم لایەنە کاریگەری باشی هەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی هونەر.

لەچی نیگەرانیت؟

نیگەرانم لە بە ماددی بوونی ژیان، نیگەرانم لە بەڕۆبۆت بوونی مرۆڤەکان ، نیگەرانم لە درندەیی مرۆڤ، نیگەرانم لە پیسبوونی ژینگە.

حەزدەکەیت چی تابلۆیەک بکێشیت و پێشکەشی کێی بکەیت؟

حەزم ئەکرد ئێستا کانڤاسێکی گەورەم لەبەردەستا بووایە. کانڤاسەکە سپی بێت سەراتا بە فلچەیەکی پانی گەورە پەلەیەک ڕەنگی پەمەیی تۆخ تۆخی فسفۆری دابنێم ئەم پەلەیە بکەوێتە لای چەپی کانڤاسەکە دواتر بە فلچەیەکی بچوکتر کۆمەلێک ڕەنگی تر دابنێم بۆ نموونە ڕەنگی پیرۆزەیی زەرد پرتەقالّی شین ڕەساسی کاڵ و ڕەساسی تۆخ و سەوزی عەسکەری ... بە فلچەی پانو باریک دواتر بەدەست ئیشی تیا بکەم دواتر بە قالەمی فەحم بە خێرایی چەند هێڵێک دابنێم دواتر ئەگەر گونجا حەزدەکەم بە کۆلاجیش چەن پارچەیەک قوماشی پەمەیی چەسپ بکەم بە کانڤاسەکەوە ئیتر بەمجۆرە بەردەوام بم نازانم لە ئەخیرا ئەگەم بە چی وە ناشزانم پێشکەشی کێی بکەم حەزدەکەم لای خۆم بێت جارێ.

دانانی پەنجەمۆر لەسەر مۆبایل جێی مەترسییە

هەردەوان:توێژینەوەکانی کۆمەڵێک پسپۆر لە هەردوو زانکۆی نیویۆرک و میشیگان لە ئەمریکا دەریانخستووە کە دانانی پەنجەمۆر لەجیاتی وشەی نهێنی بۆ کردنەوەی مۆبایل کارێکی مەترسیدارە. ئەو پسپۆرانە ئاماژەیان بەوە کردووە، ئەو پەنجەمۆرە بە چەند تەکنیکێک دەکرێت ساختەبکرێت و زانیارییە تایبەتییەکانی خاوەنی مۆبایلەکەی لێ دەربهێنرێت.

لەمبارەیەوە پسپۆران لەو توێژینەوەیەدا توانییان لەرێگەی لاساییکردنەوەی پەنجەمۆری ڕاستییەوە، لە ٦٥ %ی ئەو پەنجەمۆرانە وەک خۆیان دەربێنن و مۆبایلەکەی پێبکەنەوە. هەروەها شارەزایانی بواری ئاسایش ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە هەرچەندە ئەم ڕێژەیە لە ژیانی ڕاستیدا کەمتر، بەڵام دیسان مەترسی لەسەر دەستکەوتنی زانیاری بەشێوەیەکی نایاسایی زیادەکات.

ئاندی ئادلەر مامۆستای سیستمی کۆمپیوتەرە لە زانکۆی کارلتن لە کەنەدا دەڵێت کە ئەستەمە پەنجەمۆر ساختەبکرێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە سکانی پەنجەمۆری سەر مۆبایلەکە هێندە بچوکە کە نەتوانێت تەواوی شوێن پەنجەکە سکان بکات، بەمجۆرەش دەکرێت ئەو بەشەی کە سکانکراوە ساختەبکرێت.

گۆڕانکارییەکی نوێ لە پلاکە زیرەکەکان



سەردەمی بە دیجیتاڵی بوونی ئامێرەکانە، سەردەمی گواستنەوەی ئینتەرنێتە بۆ کەلوپەلەکان، لە داهاتوویەکی نزیکدا بەهۆی پلاکە زیرەکەکان گۆڕانکاری نوێ لە سیستەمی ئامێرە کارەباییەکاندا ڕوو دەدا. پێویست ناکا هەستی تەلەڤزیۆنەکە لە پلاکەوە بکوژێنەوە، یان سەلاجە و مویەریدەکە پێبکەیەوە. هەر لەسەر مۆبایلەکەی خۆت دەتوانی کۆنترۆڵی گشت ئامێرەکان بکەی..

ئامێری (Echo flex) کە لەلایەن ئامازۆنەوە بەرهەم هاتووە، لە پلاکی کارەبا دەخرێ و دەکرێ هەم لەڕێگای مۆبایلەوە و هەم بەدەنگی خۆت فەرمان بە هەڵبوون و کوژانەوەی ئامێرەکان بکەی.

ئەرکی ئامێرەکە هەر ئەوە نییە کۆنترۆڵی ئامێرەکان بکا، بەڵکو دەتوانێت ئەو ئامێرانەی پێویستیان بە بارگاوی کردن (شحن) هەیە، بارگاویان بکا. جگەلەوەش سپیکەرێکی تایبەتی تێدایە دەتوانێ لەگەڵ مۆبایلەکەی خۆت پەیوەندی بدەی.





نمایشێک بۆ ئۆتۆمبێلەکانی قالۆچە